گلۆبالّ فایلس
Global Files

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی:

قۆناغی سەقامگیری ئابووری سعودیە کۆتایی پێهاتووە

لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک
IDEA DIPLOMATIC

لە راپۆرتی ســـندوقی نەختینەی نێودەوڵەتیدا، کە ســـەبارەت بە ئابووری شانشینی ســـعودیە بڵاوکراوەتەوە هاتووە: قۆناغی ســـەقامگیری و پێشـــکەوتنی هێماکانی ئابووری ســـعودیە کۆتایـــی پێهاتووە. ئەمەش مانای وایە کـــە بارودۆخی ئابووری لە سعودیە جۆرێك لە پووکانەوەو کاریگەری نەرێنی لە هەموو سێکتەرە ئابوورییەکاندا بەخۆوە دەبینێت، سەرباری ئەو ڕۆڵەی کە خەرجیە حکومییەکان دەیگێڕێت لە پێناو بەهێزکردنی ئابووری ئەو وڵاتەدا، لە پاڵ پشتبەستنی کەرتی تایبەت لە زۆرینەی کارو چالاکییەکانی لەسەر خەرجیە حکومییەکان.

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکات ئابووری سعودیە بە ڕێژەی 19.5% کورتهێنانی هەبێت لە کۆی داهاتی ناوخۆیی، سندوقەکە هۆکاری ئـەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ پاشەکشەکردنی هێما ئابوورییەکانی بەهۆی دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان، کە لە ناوەڕاستی ساڵی 2014وە دەستی پێکردووە ئاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە.

دابەزینی نادیارو بەردەوامی یەدەگی دەرەکی سعودیە

پێدەچێت ئێکڕای پوختەی دارایی دەرەکی لەلای دامەزراوەی نەختینەی عەرەبستانی سعودیە بێت، کە پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی ئوانای سعودیە بۆ پاڵپشتی کردنی دراوەکـەی، کە لە ڕێگەیە دابەزینێکی ئوند بەخۆیەوە ببینێت بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و هەنگاونانی حکومەتی ڕیاز بۆ فراوانکردنی وەبەرهێنانی سندوقی بودجەی سیادی لە دەرەوە، لە کانێکدا پارەی ئەو سندوقە لە کۆتایی ساڵی 2016دا بۆ (529) ملیار دۆلار دابەزی، هاوکات لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی سعودیە بۆ دابینکردنی هەندێک لە پشکەکان بە مەبەستی داپۆشینی ئەو کورتهێنانە گەورەیەی لە بودجەکەیدا بەهۆی هاڕەکردنی نرخی نەوتەوە دروستبووە.

خەدیجە حەق، سەرۆکی ئوێژینەوە هەرێمییەکان لە بانکی دوبەی نیشتمانی لە ئیمارانی عەرەبی یەکگرتوو، کە گەورەترین بانکە لە دوبەی، وتی: "ئەم ئەنجامانە ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوونی کورتهێنانی گەورە لە بودجەی گشتی سعودیە، کە ناگەڕێنەوە بۆ داهاتە کورتهاتووەکانی هەناردەکردنی نەوت". هەندێک لە لێکۆڵەرەوان لەو بڕوایەدان کە کورتهێنان و پووکانەوەی ئابووری هۆکارەکەی دەستێوەردانی سەربازی سعودیەیە لە شەڕی یەمەن، چونکە خەرجیەکی زۆری خستۆتە سەر ئەستۆی حکومەتی ڕیاز، بەڵام لێپرسراوێکی سەربازی باڵا ئەمە بەدوور دەزانێت، چونکە دەستێوەردانی سەربازی سعودیە بە ئەنها لە ڕێگەی بەشداریکردنە لە هەڵمەتی ئاسمانی نەوەک شەڕێکی زەمینی گـەورە، بەم شێوەیەش شانشینی سعودیە ساڵانە ئەنها (7) ملیار دۆلار لەو بەشداریکردنەی لە شەڕی یەمەن خەرج دەکات، ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بۆچوونەکانی شارەزا سەربازیە بیانییەکاندا یەکدەگرێتەوە.

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە سەرمایە لە سعودیەوە دەبرێتە دەرەوە، پێدەچێت هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی بڕی پارەی یەدەگ. بەڵام ئاماژەکانی دامـەزراوەی نەختینەی سعودیە (ساما)، کە بانکی ناوەندی شانشینی سعودیەیەو گرنگی بە مامەڵەی بانکە بازرگانییەکان بە دراوی بیانی دەدات، بە هەمانشێوە پشتیوانی ئەم ئیۆرە ناکات. حکومەتی ڕیاز بە نیازە بە بڕێکی زۆر گەورە وەبەرهێنان لە دەرەوە بکات، لە پێناو بەدەستهێنانی ئەکنۆلۆژیاو بەرزکردنەوەی داهات و سەرمایەکانی. سندوقی وەبەرهێنانی گشتی سعودیە ئاشکرای کـردووە، کە ڕیاز بە بەهای نزیکەی (45) ملیار دۆلار بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەبەرهێنان لە سندوقی پاڵپشتی ئەکنۆلۆژیا دەکات، کە کۆمپانیای (سۆفت بانک)ی ژاپۆنی دایمەزراندووە، هەروەها بە بەهای (20) ملیار دۆلار لە سندوقی ژێرخان وەبەرهێنان دەکات، کە کۆمپانیای (بلاکسنۆن)ی ئەمەریکی بە نیازە بۆی دابمەزرێنێت، لە هەوڵێکی بانکی ناوەندی سعودیە بۆ پاڵپشتی کردن لە (ڕیاڵ)ی سعودی لە کانی پێویستدا.

سەعید ئەلشێخ، یەکێک لە گەورە ئابوریناسانی بانکی ئەهلی بازرگانی لە سعودیە پێیوایە لە داهاتوودا دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان بەردەوام دەبێت، بەو شیچوەیەش

کەمبوونەوەی ئوانای ئابوری لە سایەی کورتهێنانی پێشبینیکراو لە بوجەی هەموو ساڵدا درێژەی دەبێت، ئەمەش پێویستی بە ڕاکێشانی یەدەگی دەرەکی دەبێت لە پێناو پاڵپشتی کردنی لە ڕووی داراییەوە، هەروەها قەرزکردنی چڕ بە دراوی بیانی ڕێگە بە حکومەتی ڕیاز دەداتْ نەرمی دارایی بنوێنێتْ، بەڵام ئەمە لە قەبارەی دارایی بیانی زیاد ناکاتْ، چونکە قەرزەکان لە خانەی پابەندییە داراییەکان نۆمار دەکرێتْ. لە کۆتایی مانگی نیسانی 2017دا ئێکرای پشکەکان گەیشتە (493) ملیار دۆلار، ئەوەش بەسە بۆ بەرگریکردن لە بەهای ڕیاڵ بۆ چەند ساڵێک، چونکە ئەم بڕە دەتوانێتْ داهاتی چوار ساڵ پڕ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرزبوونەوەیەک لە ئێچوونی دڵنیایی لە قەرزەکانی سعودیە لە مەترسی دواکەوتن لە پێدانەوەی قەرزەکان بۆی هەیە بگاتە بەرزترین ئاستەکانی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی نیگەرانییەکان.

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی هانی سعودیە دەدات بۆ کەمکردنەوەی خەرجی گشتی

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی هۆشداری دایە سعودیە ئاکو ئوند نەبێتْ لە پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی سیاسەتە داراییەکانی. ڕوونیشی کردۆتەوە کە دابەزینی خێرای کورتهێنان لە بودجەی حکومەتْ زیان بە ئابوری وڵاتەکە دەگەیەنێتْ. ئیم کالن، سەرۆکی ئیمی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی، کە وتوێژی ساڵانەی لەگەڵ لێپرسراوانی سعودیە ئەنجام داوە ڕایگەیاند، ئامانجی حکومەتی ڕیاز بۆ هاوسەنگکردنەوەی بودجەکەی. دابەزینی نرخەکانی نەوتْ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابـردوو بووەتە هۆی زیادبوونی کورتهێنان لە بودجەی شانشینی سعودیە، لە کاتێکمدا هیچ پێویستْ نییە ئامانجی هاوسەنگکردنی بودجەی ساڵی 2019 بەدەستْ بهێنرێتْ وەک لە پرۆگرامی هاوسەنگی داراییدا هاتووە سەبارەتْ بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی بەهێزی سعودیە لە ڕووی پشکە داراییەکان و کەمبوونەوەی ئاستی قەرزەکانی سەری، جگە لەمەش ڕەخساندنێکی هێواش لە بواری سیاسەتی داراییدا کاری بۆ دەکرێتْ بە مەبەستی بەدیهێنانی هاوسەنگی بودجە لە دوای ساڵانێکی کەم لەو بەرواڕەوە کە دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی سەر گەشەپێدانی ماوە کورتْ، لە کاتێکدا پارێزگاریش دەکاتْ لە لەمپەرە داراییە یارمەتیدەرەکان لە بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی داهاتوو لەسەر ئابوری سعودیە.

حکومەتی ڕیاز بەڵێنیدا بە کۆتاییهێنان بە کورتهێنانی بودجەی گشتی شانشین، کە لە ساڵی ڕابـردوو گەیشتە (79) ملیار دۆلار، بەڵام بە هاتنی ساڵی 2020 ئەو کورتهێنانە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و پاڵپشتی کردنی وزەو زیادکردنی باجەکانەوە، ئـەم سترائیژە ئابوورییە دەستی کـردووە بە بەرجەستەکردنی بەرئەنجامەکانی. ئەوەتا کورتهێنانەکە بە ڕێژەی 71% کەمی کردووە بە ڕێژەی 6.9 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، پرۆسەکەش لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2017وە دەستی پێکردووە، بەڵام هەنگاوەکانی دەستگرتنەوەو سکهەڵگوشین گەشەسەندنی لە کەرتی نانەوتی دا بە نزیکیی تا ئاستی سفر خاوکردەوە. هەروەها پلانە داراییەکەی سعودیە کۆمەڵێک چاکسازی زۆرتر لە نرخی وزە دەگرێتەخۆ، بەڵام کالن ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتْ، کە ئەم جۆرە چاکسازی کردنە گرنگە، هەرچەندە بواریکی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی بە شێوەیەکی لەسەرخۆ بۆ ئەوەی کاتێکی باش بدرێتە کارو پرۆژەکان ئاوەکو خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنن.

تایبەتکردن بانکەکان و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بیانی کەمەندکێش بۆ سعودیە دەکات

یەکێک لە گەورەترین بەرنامەکانی ئایبەتکردن و بەشبەشکاریی لە جیهاندا بانکەکانی وەبەرهێناو کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بـەلای سعودیەدا کەمەندکێش کـردووە، سەرەڕای ئەگەری دابەزینی باجەکان و نارووتی ژینگەی ڕێکخستنی دارایی. کۆمپانیای (KKR) یەکێکە لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، کە چووەتە پاڵ کۆمپانیاکانی تر لە شێوەی کۆمپانیای (گۆلف کاپیتاڵ) لە ئەبوزەبی کە لە بواری گەڕان بە دوای دەرفەتی هەڵکەوتوودا دەگەڕێتْ لە چوارچێوەی پلانێکی حکومەتْ بۆ فرۆشتنی پشکەکانی بە ڕێژەی نزیکەی (200) ملیار دۆلار، سەرەڕای پشکەکانی کۆمپانیای زەبەللاحی نەوتی نیشتمانی لە سعودیە (ئارامکۆ). کۆمپانیاکانی پرۆسە ئابوورییەکانی خۆیان بەهێزتْر دەکەن، لەم بوارەدا کۆمپانیای سیتی گروپ ڕێگەپێدانێکی بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی بانکەکانی وەبەرهێنان لە سعودیە بکاتْ. هەروەها کۆمپانیای گۆلدمان ساکس هەوڵدەداتْ بۆ بەدەستهێنانی ڕێگەپێدانی سعودیە بۆ ئاڵوێرکردنی پشکەکان، کۆمپانیاکانی وەک کریدی سویس و جی بی مۆرگان سەرقاڵی ئەوەن داوا پێشکەشی سعودیە بکەن

پاڵاوگەیەکی نەوت لە سعودیە

بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕێگەپێدانی وەبەرهێنانی ئەواو بۆ کارکردن لەو ووڵاتەدا، بەمەش ژمارەی کارمەندە بانگیێکان لە سعودیە زیاد دەکات.

بۆ ماوەی دەیان ساڵ، زۆرێک لە کۆمپانیا داراییە جیهانییەکان ئا ئەندازەیەک پارێزگارییان لە ئامادەیی خۆیان لە ڕیاز دەکرد، هەندێکیشیان بە ئەواوەتی سعودیەیان جێهێشت. ئەو کۆمپانیایانە هەوڵیاندەدا بە دوای هەڵسان بە کارو چالاکی پەیوەندیدار بە وەبەرهێنان لە بواری پترۆلێ سعودیە، کە دەهانەکەی دەیان ملیار دۆلارە لە دەرەوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایانە پێیانوایە دەرفەتەکان لەسەر ئاستی ئابوری ناوخۆ کەمە، لە کاتێکدا سعودیە بەناوبانگە بە سەپاندنی باجی کەم بەسەر بانکەکانی وەبەرهێنان، هەرچەندە کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان دەرفەتی کەمییان لە ئابوری سعودیەدا هەیە، چونکە کۆمپانیا حکومیە دەوڵەمەندەکان و گروپە بنەماڵەییە دەسڕۆیشتووەکان هەژموونی خۆیان بەسەردا سەپاندووە، بەڵام لە دوای ڕاگەیاندنی هەوڵێک بۆ ئایبەنکردن لە پێناو یارمەتیدان بۆ هەمەجۆر کردنی سەرچاوەکانی ئابوری لە سەردەمی دابەزینی نرخی نەوتدا، دۆخەکە گۆڕاوە و دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی زیاتر بـووە. محەمەد ئەلتویجری جێگری وەزیری ئابوری سعودیە ئاشکرای کرد، کە ئامانجی حکومەتی ڕیاز بریتییە لە کۆکردنەوەی نزیکەی (200) ملیار دۆلار لە ماوەی چەند ساڵێکدا، بەڵام ئەو بڕە بەهای پێشبینیکراوی فرۆشتنی پشکی کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی ناگرێتەوە، کە دەگاتە دەیان ملیار دۆلار. کۆمپانیا بیانییەکان بە وریاییەوە لەناو شانشینی سعودیە هەنگاو دەنێن، زۆرێکیشیان هەوڵدەدەن بۆ سنوردانان بۆ ئێچوون و مەترسییەکان لە ڕێگەی گواستنەوەی کارمەندەکانیان لە دوبەی بە مەبەستی بەگەڕخستنی کارمەندەکانیان لە ڕیاز، لە کاتێکدا ئاسنەکانی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی دانیشتوانی وڵاتەکەوە کەمترەو گرفتەکانی دامەزراندنی کارمەندە بیانییەکانیش زیاتر دەبێت، بەڵکو وەبەرهێنەرانی بیانی بەهۆی سیستمی یاسایی ئەو وڵاتەوە خۆپارێزی دەکەن، چونکە یاسای ئایبەت بە مایەپووچ بوون بوونی نییە، لە کاتێکدا حکومەتی ڕیاز پێداگری دەکات و خۆی دەپارێزێت بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە ئیستغلال نەکرێت، بۆیە پێناچێت باجەکان زۆر زیاتر بکات.

سەرچاوە:

نۆڕی (النبا المعلومانیە)

http://annabaa.org/arabic/economicreports/11706

دیبلۆماسییەتی سێبەر لە سیاسەتی دەرەکی ئیسرائیلدا

د. عبیر عەبدولڕەحمان سابت
لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک

IDEA DIPLOMATIC

*د. عبیر عەبدولڕەحمان سابت

سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی هیندستان (نارێندا مۆدی) بۆ ئیسرائیل، سەرکەوتنێکی بێ پێشینەی دیبلۆماسیی ئیسرائیل بوو بە شێوازێکی نوێی سیبلۆماسییەتی سێبەری هێمنی درێژ مەودا، کە لە بنەڕەتدا کار لەسەر بەدۆکیومێنتکردنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی دروستکردنی تۆڕێکی ستراتیژی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و تەنانەت ئایدۆلۆژییەکان لەگەڵ بەشێکی بەرفراوان و هاوسەنگ لە هەردوو وڵاتدا، کە چەقەکەی سوودی دوو لایەنە بوو، یاخود تەنانەت بۆ یەکێك لە وڵاتەکان لە بەرامبەر هەژموونی سیاسیی لایەنێکی دیکەدا.

ئەم مۆدێلە لە پەیوەندییەکان بە زۆریی لەنێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا دەبینرێت، بەڵام هەندێک حاڵەتی نائاسایی لە مێژووی هاوچەرخدا لەمە بەدەرەوە، وەک کوبا لە ئەمریکای لاتین لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا بە سەرۆکایەتی فیدڵ کاسترۆ و چێ گیڤارا، هەروەها حاڵەتی میسر لە ئەفەریقیا لەماوەی فەرمانڕەوایی ناسردا، هەروەها لیبیا لەم دواییانەدا و لەژێر سایەی حکومی قەزافیدا.

بەڵام ئەوەی لە حاڵەتی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و هیندستاندا نازەیە، دۆخێکی نیمچەئەواوکاریی نێوان دوو لایەنە لەڕووی پۆلێنی گەشەسەندنەوە، هەردوو دەوڵەتەکە یەکێکن لە دەوڵەتە نازە گەشەسەندووەکان و بەرەوپێشچووەکان لەڕووی پیشەسازییەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئیسرائیل لە میانەی 25 ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتوو بووە لە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ هیندستاندا بۆ داڕشتنی نۆڕێک پەیوەندیی پێشکەوتوو لەڕووی دیبلۆماسییەتی سێبەرەوە، کە دیبلۆماسییەتێکی نازە و ئەکتەلۆژیی پێشکەوتووە بە بۆنەی نۆڕێک پەیوەندی و سەرمایەگوزاری ئیسرائیلی لە بوارەکانی پزیشکی و ئەکتەلۆژیا و کشتوکاڵ و ئەکتەلۆژیای زانیاری و ئەکتەلۆژیای بازنە ئەواوە ئەلکترۆنییەکان و پەیوەندییەکان و ئەپلیکەیشنە کردارەکییە مەدەنی و سەربازییەکان لەگەڵ ئاستێکی بەرفراوان و فرەلایەن لەناو هیندستاندا. لەو دەمەی هیندستان پێویستییەکی زۆری بەو ئەکتەلۆژیایە هەیە بۆئەوەی بەشێکی زۆر لە کەرتەکانی کۆمەڵگەی هیندیی لە کشتوکاڵییەوە بگوازێنەوە بۆ پیشەسازی لەگەڵ بوونی ئەکتەلۆژیای دیجیتاڵی و پڕۆگرامکراو نێیدا؛ ئەمەش ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەیە، کە هیندستان گرنوویەتیی بەر لەپێناو خێراکردنی پێشکەوتن لە بواری ئەکتەلۆژیای کشتوکاڵی و ڕێگریی لە بەپەیابوون و ئەکتەلۆژیای پیشەسازیی سەربازی و ئەمنیی؛ بازاڕی هیندیی سەرتاپا بەڕووی ئیسرائیلدا کرایەوە و هیندستان لە لایەنێکی بێلایەنەوە بووە لایەنگرێکی داهاتووی ئیسرائیل لە کێشەی فەڵەستین-ئیسرائیلدا.

سەردانی مۆدی بۆ ئیسرائیل بەبێ ئەوەی ئەنانەت بە (ڕامەڵڵا)شدا نێپەڕێت، ڕەنگدانەوەی وەرچەرخانێکی گەورەیە، بەڵام لە سیاسەتی مێژووی هیندستاندا باجی خۆی دەبێت لە کەیسی ئیسرائیل-فەڵەستیندا، کە لەپێشتردا هەمیشە پشتیوانی مافەکانی عەرەبەکان و فەڵەستینییەکان بووە بەرەو قۆناغێکی نوێ لە بێلایەنیی، کە بە هیچ جۆرێک لە بەرژەوەندیی فەڵەستینییەکان نییە.

ئەوەی کاریگەرییەکی ڕوونە لە وەرچەرخانی هەڵوێستی دەوڵەتە ئەفریقییە هاوسەنگەکاندا، وەک نەیجیریا بە نموونە، بەرامبەر ململانێی فەڵەستین-ئیسرائیل، لە هەڵوێستی پشتیوانیی لە لایەنی فەڵەستینییەوە بۆ بێلایەنی و هەندێک جاریش بۆ لایەنگیریی ئیسرائیل، گەر ڕۆڵ و بەرامبەرێکی پێچەوانە لە مەیداندا بووایە ئیسرائیل نەیدەتوانی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتوو بێت، ئیسرائیل پێویستیی ئەو

سەرۆکی ئیسرائیل و سەرۆک وەزیرانی هیندستان

دەوڵەتانەی قۆستۆتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی عەرەب لە ئەفریقیا بەجێیهێشتووە بۆ ماوەی دەیان ساڵ، لەگەڵ کەوتنی ڕژێمەکەی قەزافیشدا لە لیبیا، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کەوتنی چەندین ڕژێمی ئەفریقیی لەدوایدا، لەنێویاندا باشووری بیابان، کە لەلایەن لیبیاوە پشتیوانیی دەکرا، ئەمەش ڕێگەی بۆ ئیسرائیل خۆشکرد هەناوەکو بەهێزەوە بەرەوڕووی بچێت و پشتیوانیی ڕژێمە نوێیەکان بکات، وەک دەوڵەتانی خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەفریقیا وەک بۆرکینا فاسۆ و گینیا بیسوا، و مالی و چاد، بەڵگەن لەسەر ئەوە، ئەو دەوڵەتانە و ڕژێمەکانیان پێش ساڵی 2011 بە خۆیان وڵاتەکانیانەوە پشتیوانییان لە دۆزی فەڵەستین دەکرد لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام لەمڕۆدا دیمەنەکە گۆڕاوە و هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەرئەوەی لە هەڵوێستی بۆرکینا فاسۆ، کە دەنگی دا دژ بە بڕیاری یۆنسکۆ ئایبەت بە مافی فەڵەستین لەناو حەرەمی قودسدا. ئەو بۆشاییەی عەرەب لە ئەفریقیا و ئەو وڵاتانەی بە بێلایەن ناسراون لە ڕابردوودا بەجێیهێشتووە، بەڵکو ئارەزووی ئیسرائیلی کردۆتەوە بۆ گەمەکردن لەناو جیهانی عەرەبیدا، لە ڕێگەی میکانیزمە دیبلۆماسییە سێبەر و ئارامەکان، کە چاوەڕوانی گرێبەستی سەدەیە بۆ هاتنە دەرەوە لە ئاریکییەوە بەرەو ڕووناکی.

ئیسرائیل کە ئەم دیبلۆماسییەتە نەرمە لەگەڵ عەرەب و فارسدا بەکاردەهێنێت، ناتوانێت سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بشارێتەوە بەرامبەر مافەکانی گەلی فەڵەستین، مادام هەناوەکو ئێستا پرسی فەڵەستین بەبێ چارەسەرێکی ئاشتییانە ماوەتەوە، هەموو ئەو هەوڵانەش، کە بێ پەراوایانە دەدرێن لەپێناو بۆ جێکەوتکردنی پێگەی ئیسرائیل خۆی، نەوەک دەربڕینی هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا، وەک ئەوەی نێردراوی یونسکۆ لە کوبا ئەنجامیدا، کاتێک ڕەتیکردەوە دەقیقەیەک لەگەڵ ئامادەبووواندا بۆ قوربانیانی کوشتارگەیەک، وەک بەدەنگەوەهاتنێک بۆ داواکاریی نوێنەری ئیسرائیل، بەڵام دوای دانیشتنەوەی ئامادەبووان گونەیەکی پێشکەشکرد و داوای لە ئامادەبووان کرد دەقیقەیەک بۆ گیانی قوربانیانی ئیسرائیل لە فەڵەستین بووەستن، کە لە ماوەی نزیکەی حەفتا ساڵدا بوونەتە قوربانی، ئیدی بەجارێک هۆڵەکە خرۆشا و جارێکی دیکە لەگەڵ چەپڵە لێداندا ڕاوەستان و ماسکی ئیسرائیل کەوت و فەڵەستین وەک خاوەنی خاکی خۆی نیشاندرا.

بەگشتی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی بێ شەرعییەت دەمێنێتەوە و خاوەنی گێڕانەوەیەکی مێژوویی درۆ و ئەفسانەییە، کە قەوارەی خۆی لەسەر بونیادناوە، کە لایەنی فەڵەستینی دانی بەوەدا نەناوە، ڕەنگە ئیسرائیل لایەنگرەکانی لەدەستبدات و دۆستەکانی لێ ببن بە دوژمن و برای لێ ببێت بە نەیار بەڵام ئەمە وەک دۆخێکی ناوازە دەمێنێتەوە و کاتییە، لەبەرئەوەی فەڵەستینییەکان دانی پێدا نانێن و پێی قایل نین و باوەڕیان بە بوونی ئیسرائیل نییە وەک دەوڵەتێکی زایۆنیستی.

*مامۆستای زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

حکومەتە نهێنییەکەی بیلدەر بێرگ

جیهان بۆ بەرژەوەندی کێ هەڵدەسوڕێنێت؟

کەمال عوبەید

لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک

IDEA DIPLOMATIC

کەمال عوبەید

بۆچی ئەم جیهانەمان پــڕە لە قەیران و جەنگ؟ ئایا ئەمە ئەنجامــی کەڵەکەبوونی ڕووداوەکانی پێشــووترە، یاخود دروستکراوێکی پرۆفیشــنالانەی تازەیە، بە دەستی لایەنە فەرمییەکان و نافەرمییەکان، کە داهێنەرن لە هەڵبەستنی پیلانگێڕیــی و ناکۆکیــی بــۆ وڵاتانی دەستنیشــانکراو، هەتاوەکو لــەو ڕێگەیەوە ئەجێنــدای نهێنی ئەو لایەنانە جێبەجێبکــەن، کە جیهان بەڕێوەدەبــەن، ئەوەش بەپێی بەرژەوەندی و ئاڵوگۆڕی ســوودگەرایانەی ســەرمایەداریی درنــەی بەجیهانیبوو، کە هەرکاتێك هەســتی بە قەیران کردبێت دەستی بە جوڵە کردووە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لێرە و لەوێ.

لێرەدا قسە لەسەر ڕووداوەکانی پشتی پەردەی کۆنگرەی بیڵدربێرگ دەکەین، ئەو کۆمەڵەیەیە بە نهێنیی جیهان بەڕێوەدەبەن، کە نانوانین وەک حکومەتێک یان ئەنجومەنێک یاخود ئەنانەت ڕێکخراوێکی سیاسییش ئەماشای بکەین، بەجۆرێک هیچ هەیکەلێکی ڕێکخستنی کارگێڕیی نییە، هەربۆیە پێیدەگوترێت "گروپ" یاخود "یانەیەک"، ئەم گروپە سەرکردە سیاسییەکان و سەرمایەدارە نێودەوڵەتییەکان بەدوور لە چاوی خەڵکی کۆدەبنەوە لە بەهاری هەموو ساڵێکدا بۆئەوەی سیاسەتی جیهان دابنێن، ئەمەش بە گوێەی ئەو کەسانەی خاوەنی "ئیۆری پیلانگێڕیین".

کۆنگرەی بێڵدر بێرگ ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنیی کردۆتەوە و لە نەوەدەکانی ســەدەی ڕابــردووەوە ناوی بەشداربووان و بابەتی گفتوگۆکانی نێدا بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە لە ئاستی ئەو هێرشانە کەمبکاتەوە ،کە ئەو ساڵانەی دەکرێنە سەر سروشتی نهێنیئامێزی کۆنگرەکە، لەلایەن ئەو نەیارانەوە کە قسەکەی سەرۆکی پێشووی کوبا (فیدڵ کاسترۆ) سەبارەت بە بێڵدر بێرگ دەڵێنەوە، کانێک ساڵی 2010 گوونبووی ئەو کۆنگرەیە حکومەتێکی نهێنییەوە جیهان لە بەرژەوەندیی خۆرئاوا بەڕێوەدەبات و بەرپرسە لە بڵاوبوونەوەی جەنگ و هەژاری لەناو گەلاندا.

نەیارانی کۆنگرەکە، کە پشتگیری لە ئیۆری ڕاڤەی پیلانگێڕی بۆ ڕووداوەکان دەکەن، پێیان وایە بێڵدر بێرگ وەک سەکۆیەک وەهایە و ڕووداو و قەیرانەکانی جیهانی لێوە دەردەچێت، وەک دامەزراندنی یەکێتی ئەورووپاو بەکارهێنانی دراوی یۆرۆ و یەکخستنی هەردوو ئەڵمانیا و داگیرکردنی عێراق و پلاندانان بۆ ڕێککەوتنامەی بازرگانیی ئازادی ئەورووپا- ئەمەریکا.

کۆنگرەی ئەمساڵ لە شاری واشنۆن ئەنجامدرا، ئەویش لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیراندا، کە ئەنها چەند مەتڕێک لە مەکتەبی سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ)ـەوە دوورە، کە لەم پرسەدا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی نوێ دەبێتەوە، چونکە سەرۆکە جێ مشتومڕەکەی ئەمریکا ڕووبەڕووی ئیدانەی ئەو ئاکانە دەبێتەوە، کە بێگومان بۆچوونەکانیان گرنگیی خۆی هەیە.

بەپێی ڕاپۆڕتی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان، کۆنگرەی ئەمساڵ لەناو جۆرە کەشوهەوایەکی ڕەشبینانەدا بەڕێوەدەچێت، لە سەرەوەی ئەجێندای کارەکانی کۆنگرەکە ئەم وشانە نووسراون: "ئیدارەی ترامپ، ڕاپۆرتی بەرەوپێشچوونی کارەکان"، کە ئەمەش بۆتە مایەی وروژاندنی پرسیار لای بەشێک لە ڕۆژنامە جیهانییەکان سەبارەت بە ناونیشانی کۆنگرەکە.

وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەوە، کۆشکی سپی هەستا بە ناردنی هەندێک لە گرنگترین سیمبولەکانی ئیمەکەی ترامپ بۆ بەرگریی لە سەرۆکەکەیان: ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (هێربەرت ماکماستەر)، وەزیری بازرگانی (ویلبەر ڕوس)، شارەزای نوێی ستراتیژی لە ئیدارەی ترامپ (کریس لیدڵ). لە هەمان کاتدا بەشێک لە پسپۆڕانی کاروباری سیاسی چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کۆنگرەی ئەمساڵ پلانێک دابنرێت کە دواتر بە مەبەستی چەکدارکردنی ئۆکرانیا جێبەجێبکرێت و دراوە کاغەزییەکان ڕەتبکرێنەوە، لەگەڵ شکستهێنان بە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا، هەر لەو چوارچێوەیەدا مامۆستای ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی (ڕۆدۆڵف شنومبێرگەر) پێیوایە کە کۆنگرەکە

دێفید ڕۆکفلێر



هێنری کراڤیس

کارل بیلدیت

هێنری کیسنجەر

قورساییەک بۆ دامەزراوە نادیموکراسییەکان دادەنێت، گوزارشتیشە لە هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵ و ئاڕاستەی نەواوەتی بەسەر گەلاندا.

لە بیلدربێرگ، کە ئەمسااڵیش بەردەوام بوو لە پارێزگاریکردن لە خەسڵەتە نهێنییە جێ مشتومڕەکەی کۆنگرەکە- قەیرانە سیاسی و ئابوری و پێشهاتەکانی دیجیتاڵ میدیا. گفتوگۆی قەیرانەکانی ئۆکرانیاو ڕوسیاو خۆرهەاڵتی ناوەڕاست و قەرزەکانی یۆنان و ڕێککەوتنامەی بازرگانیی ئازاد و سەرمایەگوزاریی لەنێوان ئەورووپا و ویالیەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کە لەالیەن گروپە پیشەسازییە گەورەکانەوە پشتگیریی لێدەکرێت و ڕووبەڕووی بەرهەڵستی جەماوەریی ئەوروپی بوونەوە.

پرسەکانی بەرگریی و چەکدارکردن بە حەوت خاڵ گفتوگۆیان لەسەر کرا، لە کۆی 15 خاڵی پەیوەست بە سیاسەتی ئەمنییەوە، کۆنگرەکە جگە لەو بابەتانە باسی لە پرسی ئێران و چەکی کیمیایی و ئێرۆر و ناتۆ و جەنگەکان و ئاسایش کرد. بانگەشەکردن بۆ ئەو کەلوپەلە سەربازییانەی کە کۆمپانیای ئێرباسی ئەوروپی بە سەرۆکایەتی (نۆماس ئەندرسن)، ڕاپۆرتە میدیاییەکان الی خۆیانەوە ئاماژەیان بە گرنگیپێدانی سەرۆکی کۆمپانیای (سیمنس) دەدا بە سیستەمی گوێهەڵخستن و هەواڵگریی، کە لەالیەن کۆمپانیاکایەوە بەرهەمهێندرابوو و ڕووبەڕووی بەرهەڵستی ببۆوە. هەروەها لە کۆنگرەکە دا ژمارەیەک لە پلاندانەرانی داگیرکاریی ئەمریکا و شەڕەکانی لە عێراقدا ئامادە بوون، وەک فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ژەنەراڵ (دەیڤد پترایۆس)، کە لەو کۆنگرەکەدا بە سیفەتە نوێیەکەی بەشدار بوو وەک ڕاوێژکاری کۆمەڵەی (کەی. کەی. ئای) بۆ دڵنیایی، لەگەڵ (ڕیچارد بێڵ).

هاوتەریب لەگەڵ فۆکەس خستنەسەر پرسەکانی ئاسایشی ناوخۆی کۆنگرەکە، دەسەاڵتدارانی نەمسا جەختیان لەسەر پارێزگاریی لە ئاسایشی دەوروبــەری کۆنگرەکە دەکــردەوە، ئەویش لە ڕێگەی باڵوکردنەوەی 2100 پۆلیسەوە لە ناوچەی ئەفلیس، هاوشان لەگەڵ (25 فڕۆکەی سەربازی) کە چاودێریی ناوچەکەیان دەکرد لە ئاسمانەوە.

ڕاپۆرتە میدیاییەکانی ئەڵمانیا ئاماژەیان بەوە داوە کە قەیرانی قەرزەکانی یۆنان، بۆتە خاڵێکی هاوبەش لەو مشتومڕانەی لەناو کۆنگرەکەدا ئەنجامدران لەنێو لێپرسراوە ئابووریی گەورەکاندا، لەنێویاندا سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا (شارل میشاڵ) و هاوتا هۆاڵندییەکەی (مارک ڕوتی) و سەرۆکی پێنج بانکی گەورەی خۆرئاوایی، لە گرنگترینیان "سویچە"ی ئەڵمانی و "گۆڵدن ساکس"ی ئەمریکی، لەگەڵ (لۆرانس بۆن) ڕاوێژکاری ئابوری سەرۆکی فەڕەنسا (فرانسوا هۆالند).

لەسەر هەمان بابەت میدیای بەریتانی باس لەوە دەکات، کە بەپێی خشتەی کۆبوونەوەکان، بە ئامادەبوونی سەفیری چین و وەزیری بازرگانیی ئەمریکا و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیران و پارێزگاری ویالیەتی ڤێرجینیا و دوو سەرۆکی پێشووی ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمەریکا (سی. ئای. ئەی) و ژمارەیەک لە گەورە ڕاوێژکارانی ئەمریکا، لەنێویاندا سەرۆکی کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان داراییەکانی وەک گروپی کار الیل و سەرۆکی کۆمپانیای گۆدگڵ، باس لە کاروبارەکانی چین دەکرێت.

دەربــارەی ئەنجامەکانی کۆنگرەکە و لێکەوتەکانی، هیچ کەسێک نائوانێت بەبێ ڕێگەپێدانی لیژنەی ئایبەت بەرەو کۆنگرەی بیلدر بێرگ


جۆن ئێلکان

تیمۆسی کۆلینس

رۆبێرت زولیک

جۆرج ئۆزبۆرن

بڕواڕ، هەر ئەو لێژنەیە بڕیار لەسەر بانگهێشتکراوەکان دەدات بەپێی مەرجەکانی لێژنەکە، کۆمەڵە زانیارییەش لە کتێبی (دانیال سنۆلین) ی ڕۆژنامەنووسەوە وەرگیراون لە کتێبەکەیدا بە ناوی "چیرۆکی ڕاسنەقینەی گروپی بیلدر بێرگ"، کە ساڵی 2007 بڵاوبۆتەوە.

بە قسەی سنۆلین، کە نانوانین لە بانگەشە و گونەکانی دڵنیا ببینەوە، پێویستە لەسەر بانگهێشتکراوان هەریەکەیان خۆی بەنەنها بێت، بەبێ هاوسەرو هاوڕێکانیان، هیچ کەسێک لە پاسەوانی ئایبەت و یاریدەدەر و ئەندامانی سی ئای ئەی بۆیان نییە بێنە ناو کۆنگرەکەوە، هیچ کامێک لە میوانەکانیش مافی لێدوان و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییان نییە و نابێت هیچ شتێکی ناو کۆبوونەوەکان ئاشکرا بکەن.

حکومەتە خانەخوێیەکان ڕێگە لە هاتنی کەسانی بیانی دەگرن و ئاسایشی گشتی بۆ ئامادەبووان دابیندەکەن، کە لە سێ بەش بەشێکیان لە کەسێتیە سیاسییەکانن، ئەوانی دیکەش لە کەرتەکانی پیشەسازی و دارایی و بزنس و پەیوەندییەکانن، دەنگۆی ئەوە هەیە ژمارەی بەشداربوانی کۆنگرەیەکی ئەم گروپە بگاتە نزیکەی 150–120 کەس، لەنێویاندا چەند کەسێکی نەگۆڕ هەن ساڵانە بەشدارن و ناگۆڕێم، لە نموونەی سەرمایەدارەکان و دەوڵەمەندەکان و بەڕێوەبەرانی بانکەکان و سەرۆکی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانی پلەبااڵی ئەورووپا و ئەمریکای باکور.

سزادانی ترامپ پێش هەموو شتێك

گروپی بێڵدربێرگی نهێنی، کە نزیکەی 130 کەسێنی لە گەورە جێبەجێکارەکانی جیهان لەخۆدەگرێت، کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بە شێوەیەکی داخراو لە واشنتۆن دەبەسنێت، ئەوەری سەرەکی ئەمساڵ بریتییە لە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ، گروپەکە، کە 131 ئەندامی سیاسی و نوێنەری بنەماڵەی ئەورووپی و شاهانە و کەسێنیی

ناوی سەرۆکەکانی گروپی بێڵدر بێرگ			
ز	ناوی سەرۆک	پیشە	ساڵی سەرۆکایەتی
1	شازادە بێرنهارد	شازادەی هۆڵەندا	1977–1954
2	ئێریک دۆگلاس هۆم	سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا	1980–1977
3	والتەر شیل	ڕاوێژکار و سەرۆکی ئەڵمانیا	1986–1980
4	ئێریک ڕۆڵ	پارێزگاری بانکی ئینگلتەرا	1989–1986
5	پیتەرکارینگتۆن	ئەمینداری گشتی ناتۆ	1998–1990
6	ئیتیان داڤینیۆن	سەرۆکی لیژنەی ئەورووپی	1998–1990
7	هینری کریستایان	بزنسمانێکی فەرەنسی	2012– تائێستا

جیهان لەخۆدەگرێت، بەدرێژایی چوار ڕۆژ باس لە داهاتووی یەکێتیی ئەورووپا و پەیوەندییەکانی نێوان گروپەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەخۆدەگرێت، بەپێی بەیاننامەیەکی گروپەکە، کە سوورن لەسەر ئەوەی لە ئاریکیدا بیهێڵینەوە، کۆنگرەی گروپەکە کە دەیان ساڵە بە نهێنی دەگیرێت، چەندین ئێوری پیلانگێڕیی نوێیان داڕشتووە بۆ جیهان. کۆنگرەی ئەمساڵ چەندین کەسێتیی دیاری لەخۆگرتبوو، لەوانە وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا، هینری کەیسینجەر و ئەمینداری گشتی پەیمانی باکووری ئەتڵانتیک-نائۆ (یانس ستونتڵنبێرگ)، کۆنگرەی ئەمساڵ شوێتی دەرکەوتنی چەندین لایەنگری دۆناڵد ئرامپ بوو، لەنێویاندا

ئەنجومەنی کارگێڕی بێڵدر بێرگ		
	کەسێتی	پۆست
1	جۆزێف ئەکرمان	بانکداری سویسری و سەرۆکی دوێچە بانک، جێگری سەرۆکی کۆڕبەندی فاڤۆس
2	ڕۆجێر ئاڵنمان	بانکدارێکی ئەمریکی و ڕاوێژاکاری پێشووی هەڵمەتی هەڵبژاردنی جۆن کیر و هیلاری کلینتۆن، بەڕێوەبەری بانکی وەبەرهێنانی کۆمپانیای ئەفەرکۆر.
3	فرانسیسکۆ پینتۆ بلسماو	سەرۆک وەزیری سۆسیالیستی پێشووی پورتوگال، سەرۆکی گەورەترین دامەزراوەی نەلەفزیۆنیی لە پورتوگال
4	فران بێرنابی	بانکدارێکی ئینالی و سەرۆکی ئێستای کۆمپانیای ئیلیکۆمی ئینالی
5	هینری دی کاسترى	سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای دڵنیایی فەڕەنسی "ئەکسا"
6	خوان لویس سربیان	بەڕێوەبەری گروپی ڕاگەیاندن و پەخشی نەلەفزیۆنیی ئیسپانیا
7	ئیدمۆند کلارک	بانکدارێکی کەنەدی و سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای ئۆرنتۆ دۆمینیۆن بانک
8	کینیس کلارک	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئوتنی ئەمریکی-بەرینانی و مۆرپارێزی گروپەکە و وەزیری دادی بەرینانی
9	جۆرج دەیڤید	سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای کۆکا کۆلا
10	ئینیان داڤینیۆن	بزنسمانێکی بەلجیکی، جێگری پێشووی سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپی، جێگری سەرۆکی ئێستای سویس ئراکنیبڵ
11	ئەندرێس ئاڵدۆپ	سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی دانیمارکی دۆنگ بۆ وزە و گاز
12	ئۆماس ئەندەرز	بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئێرباسv
13	ڤیکتۆر هالبرێستاد	مامۆستای ئابووری لە زانکۆی لایدنی هۆڵەندا، ڕاوێژکاری زۆرێک لە کۆمپانیاکانی وەک گۆڵدمان ساکس و دایملەر کرایسلەر
14	جەیمس جۆنسۆن	پارەدارێکی گەورەی ئەمریکی و هاوڤەشێکی سەرەکیی حزبی دیموکراٹ و یەکێک لە ئەندازیارانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی باراک ئۆباما. جێگری بانکی برساوس بۆ وەبەرهێنان
15	جۆن کیرەر	باڵیۆزی پێشووی بەرینانیا لە واشنتۆن، جێگری سەرۆکی گروپی نەوتیی شاهانەی ڕۆیاڵ شیڵ
16	کلاوس کلاینفێڵد	سەرۆکی جێبەجێکاری ئەڵمانیی کۆمپانیای ئەلەمنیۆمی زەبەلاحی ئەمریکی
17	مسنەفا کوش	سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای کوش، پێشەنگی کۆمپانیا ئورکییەکان
18	مارێ خۆسیە دروان	ژنە نووسەری ئابووری لە ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی کەنەدە. ئوێژەر لە پەیمانگای هۆدسۆنی سەربازی. ژنی شەشەمی هێنری کراڤیسە
19	جیسیکا مانیۆس	بەڕێوەبەری پێشووی کاروباری جیهان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەڕێوەبەری گشتیی ئێستای دامەزراوەی کارنیگی
20	ئێری دی مۆنبریاڵ	ئابووریناس و بەڕێوەبەری دامزرێنەری پەیمانگای فەڕەنسی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆنگرەی جیهانی بۆ سیاسەت

21	ماریۆ مۆنتی	ئابووریناسی ئیتاڵی، کۆمیسیاری ئەوروپی، هاوبەش بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی سبینیلی فیدراڵی ئەوروپا
22	ئیگیڵ میکیڵبۆست	سەرۆکی پێشووی بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی نەرویجی، بەڕێوەبەری هێڵە ئاسمانییەکانی ئەسکەندەنافیا
23	مانیاس ناس	جێگری سەرۆکی ڕۆژنامەی دی ئزاینی ئەڵمانی
24	جۆرما ئۆیلا	بزنسمانێکی فنلەندی، سەرۆکی جێبەجێکاری پێشووی کۆمپانیای نۆکیا، سەرۆکی ئێستای گروپی نەوتیی دۆچ شێڵ
25	ڕیچارد پێرلێ	سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، یەکێکە لە کەسێتییە جێبەجێکارە سەرەکییەکان، نازناوی (شتراوسکی) وەرگرتووە، چونکە خۆی بە قوتابیی (لیۆ شتراوس) دەزانێت، کەسێکی دەستڕۆیشتووە لە نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکان
26	هێزەر ڕازیمان	ژنە بزنسمانێکی ئەمریکییە، سەرۆکی جێبەجێکاری گروپی بڵاوکردنەوە ئیندیگۆیە
27	ڕۆدۆڵف شۆڵتن	وەزیری دارایی پێشووی نەمسایە، پارێزگاری بانکی ناوەندییە
28	پیتەر ساندەرلاند	بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانییە، بەڕێوەبەری پێشووی کۆمپانیای برینیش پترۆلیۆم. سەرۆکی ئێستای دامەزراوەی گۆڵدمان ساکسی نێودەوڵەتی.
29	مارتین ئایلۆر	پەڕلەمانتاری پێشووی بەریتانیا سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای (سینگتا)ی زەبەلاح بۆ پیشەسازییە کیمیاییەکان و کشتوکاڵییەکان
30	پیتەر ئیتڵ	سەرۆکی کۆمپانیایەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای پایبالە، یەکێکە لە خاوەنە هاوبەشەکانی فەیسبووک
31	دانیال ڤاسیلا	سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای نۆڤارتیسی سویسری، کە گروپێکی بواری دەرمانی پزیشکییە
32	ژاکۆب واڵنبێرگ	بانکدارێکی سویدییە، بەڕێوەبەری زۆرێک لە کۆمپانیا فرەنەتەوەکانە

وەزیری بازرگانیی ئەمەریکا (ویلبەر ڕۆس) و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ژەنەراڵ (هێربەرت ڕایمۆند ماکماستەر). ئەمە جگە لە (ئێریک شمیت)ی سەرۆکی کۆمپانیای "ئەلفابێت" کە هەموو چالاکییەکانی "گۆگڵ"ی لەخۆگرتووە.

ئەو گروپەی لەدوای دامەزراندنییەوە لە ساڵی 1954 ساڵانە کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت، هۆشداری ئەوەی دا، کە هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو نییە و هیچ کۆنووسێکی نۆمارکراوی کۆبوونەوەکە نییە، هەروەک بڕیار لەسەر هیچ شتێک نادرێت و دەنگ لەسەر بەیاننامەیەک نادرێت بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێک. بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکان ئەرخانکرابوون بۆ پرسی ڕوسیا و چین و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و جیهانگیری و شەڕی دژ بە زانیاری.

پاشخانی مێژویی بێڵدر بێرگ لە ڕووی زانیارییەوە

گروپی بێڵدر بێرگ (Bilderberg Group) یاخود کۆنگرەی بێڵدربێرگ یاخود یانەی بێڵدر بێرگ، کۆنگرەیەکی ساڵانەی نافەرمییە و نزیکەی 150–100 کەس بەشداری تێدا دەکەن، زۆرینەیان لە گەورە پیاوانی سیاسەت و بزنس و بانکەکانی جیهان پێکدێن. قسەو باسەکانی کۆنگرەکە لەپشت دیوارێکی نهێنییەوە ئەنجامدەدرێن و ئەوەری باسەکان ژمارەیەکی زۆر لە بابەتە جیهانییەکان دەگرێتەوە، لە بوارەکانی ئابووری و سەربازی و سیاسی.

گروپەکە ساڵی 1954 دامەزراوە، ئەوەش بە دەستپێشخەریی ژمارەیەک لە دەوڵەمەندەکانی جیهان و خاوەن دەسەڵات و هەژموونەکان. ناوی گروپەکە دەگەڕێتەوە بۆ هۆتێلی بێڵدربێرگ لە گوندی ئۆستیربێرکی هۆڵەندا، کە تێیدا یەکەم کۆبوونەوەی گروپەکە لە ساڵی 1954دا بەسترا. ئەوروپییەکان سێیەکی ئەندامەکان پێکدەهێنن و ئەوانی دیکەش لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە ئەندامن.

یەکەم کۆبوونەوەی ساڵی 1954

لە یەکەم کۆبوونەوەدا نزیکەی 70 کەسێتیی لە 12 دەوڵەتی

ئەندامانی شانە داخراوە نهێنییەکە		
	کەسێتی	پۆست
1	کارڵ بلیدث	سەرۆک وەزیرانی پێشووی سوید لە لیبرالەکان، نێردراوی ناییەتی یەکێتی ئەورووپا و نەنەوە یەکگرتووەکان لە بەڵکان، وەزیری ئێستای کاروباری دەرەوە
2	ئۆسکار بۆرنەر	سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای دێر ستانداردی نەمسایی
3	ئیمۆتی کۆلینز	بەڕێوەبەری سندوقی وەبەرهێنانی ڕیبلۆد
4	جۆن ئیلکان	سەرۆکی جێبەجێکاری گروپی کۆمپانیاکانی فایتی ئینالّی
5	مارتن فیلدشتاین	ڕاوێژکاری ئابووریی پێشووی ڕۆنالّد ریگان، ڕاوێژکاریی ئابووریی ئێستای باراک ئۆباما. هەروەها ڕاوێژکاری جۆرج بۆش بووە بۆ هەواڵگریی دەرەوە، وانەبێژە لە زانکۆی هارڤارد
6	هێنری کەیسنجەر	ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەنەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وەزارەتی دەرەوە، کەسێتییەکی نەوەرەیی لە کۆمەڵەی پیشەسازیی سەربازیی ئەمریکی، سەرۆکی ئێستای کۆمپانیای ڕاوێژکاریی کەیسنجەر ئاسۆشێتس
٧	هێنری کراڤیس	ڕاسپێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی دارایی سندوقی (K. K. R)، یەکێکە لە کەسە سەرەکییەکان بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ حزبی کۆمارییەکان
8	نیلی کرۆس	وەزیری پێشووی گواستنەوەی ئێرلەندا، کۆمیسیاری ئەورووپی
9	بێرناردینۆ لیۆن گرۆس	دیبلۆماتکارێکی ئیسپانییە، ئەمینداری گشتیی سەرۆکایەتیی حکومەتە سۆسیالیستییەکەی خۆسێ لویس ساباتیرۆ
10	فرانک ماکینا	ئەندامی پێشووی لیژنەی سەرپەرشتیاری دەزگای ئاسایشی هەواڵگری کەنەدایە، باڵیۆزی کەنەدا بووە لە واشنتۆن، جێگری سەرۆکی بانکی نۆرننۆ دۆمینیۆنە
11	بیاتریکس دێس پایس	شاژنی هۆڵەندایە و کچی شازادە بێرنهاردە
12	جۆرج ئۆزبۆرن	وەزیری دارایی بەریتانیا، یەکێکە لە نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکان
١٣	ڕۆبەرت پریچارد	ئابوریناسێکی ئەمریکییە، بەڕێوەبەری چاپخانەو دەزگای تۆستارە
14	دەیڤد ڕۆکفلەر	کۆنترین ئەندامی گروپی شانە داخراوەکەی بێڵدربێرگە
15	جەیمس وۆڵفنسۆن	ماوەی 10 ساڵ سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی بووە، ئێستا بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڕاوێژکاریی وۆڵفنسۆن
16	ڕۆبەرت زولیک	دیبلۆماتکارێکی ئەمریکییە، نێردەی پێشووی بازرگانیی ئەمریکی بووە، سەرۆکی ئێستای بانکی نێودەوڵەتیە

ئەورووپییەوە بەشدار بوون. کۆبوونەوەکە پێکهاتبوو لە زنجیرەیەک وانە و ماوەی 3 ڕۆژی خایاند و لە نزیک شاری ئارنهایمی هۆڵەندا بەسترا. لە مینەی کۆنگرەکە دا میوانەکان بەسەر دوو هۆتێلدا دابەش بووببوون، بەڵام گفتوگۆکان لە بارەگای سەرەکیی ئەنجامدران و دوائر بووە ناوی گروپەکەش. بانگهێشتنامەکان لەسەر کاغەزی فەرمیی نووسرابوون و دروشمی کۆشکی سودیکی لەسەربوو.

کۆبوونەوەی ساڵانە

کۆبوونەوەی گروپەکە بە شێوەیەکی ساڵانە لە ئەورووپا دەبەستریت، چوار ساڵ جارێکیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا دەبەستریت. کۆبوونەوەکە لە هەر جێگەیەک ببەستریت هۆتێلەکە بەنەواوی دەگیریت و پشتێنەیەکی ئەمنیی تۆندی بە دەوردا دەبەستریت و بەوپەڕی نهێنییەوە کارەکان بەڕێوەدەچن و بە هەموو شێوەیەک نزیکبوونەوەی میدیاکان قەدەغەیە، هیچ بەیننامە و زانیاری دانایەکیش پێشکەش بە ڕۆژنامەکان ناکریت. هەموو ئەندامێکی کۆبوونەوەکەش دەبێت سوێند بخوات، کە نهێنییەکان دەپارێزیت.

سەرچاوە:

نۆڕی (النبا)

http://annabaa.org/arabic/strategicissues/11320

پەیامی ڕووداوەکانی فەنزوێلا

مادۆرۆ هەرگیز نابێتە چاڤێز

REUTERS

لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک
IDEA DIPLOMATIC

بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرز لە سەرەتای خۆپیشاندان و ناڕایەتییەکانەوە هەتاوەکو ئێستا 123 سەربازی هێزە چەکدارەکانی فەنزوێلا دەستگیرکراون، ئەوەش بە تۆمەتی ناپاکی و مانگرتن و دزی و هەڵهاتن لە خزمەتی سەربازیی. ڕۆیتەرز بەپێی بەڵگەنامە سەربازییەکانی کە دەستیکەوتوون ئەوەی ئاشکراکردووە کە لیستی دەستگیرکراوەکان چەندین ئەفسەر لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لە چەندین سەرباز لە پلەکانی خوارەوەی هێزە زەمینیی و دەریاییەکان و پاسەوانی نیشتیمانی.

قەیرانی سوپا

ئۆمارەکان ناوی چەندین کەسایەتی سەربازیان لەخۆگرتووە، کە لە بەشێک لە زیندانەکانی فەنزوێلادا دەستگیرکراون، هەروەها نزیکەی 30 سەربازیش دەستگیرکراون، لەبەرئەوەی لە خزمەتی خۆیان هەڵانوون و جێگەی خۆیان بەجێهێشتووە، نزیکەی 40 سەربازیش بە هۆکاری یاخیبوون و خیانەت و گوێڕایەڵ نەبوونی فەرمانەکان لە دوای مانگی نیسانی ڕابردووەوە، ئەمە جگە لەوەی ئۆمەتی دزیکردن ئاڕاستەی سەربازە دەستگیرکراوەکانی دیکە کراوە.

ملیۆنان هاوڵاتی فەنزوێلی گیرۆدەی کەمیی کەرەستە خۆراکییەکانن، بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ووڵاتەکەشی گرتۆتەوە، ئاستی هەڵاوسان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە. بەپێی پلەبەندیی ناو هێزە چەکدارەکانی ئاستی هەرەنزمی موچەی سەربازێکی فەنزوێلیی دەگاتە (12.50 دۆلار) لە مانگێکدا، ئەمەش بەپێی نرخی دراوگۆڕینەوە لە بازاڕی ڕەشدا. ئەندامانی سوپا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیگەرانن لە نزمیی موچە و خراپیی باری ژیان و خواردنیان. بەشێکیش لە لێپرسراوە ئەمنییەکان نیگەرانن لەو دۆخەی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە پێش زیاتر لە سێ مانگ.

سەرەتای ئەم کێشانەی ناو سوپا دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی مانگی حوزەیران. کاتێک ئەفسەرێکی هەڵگەڕاوە بە فڕۆکە هێرشیکردە سەر دادگای باڵای فەنزوێلا. پاش ڕووداوەکە سەرۆکی فەنزوێلا (نیکۆلاس مادۆرۆ) ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەکی سەر بە پۆلیس دوو بۆمبی ئاڕاستەی بارەگای دادگای باڵای کاراکاس کردووە، هاوکات ئەفسەری جێبەجێکاری هێرشەکەش ڕایگەیاند کە ئەمە سەرەتای ڕاپەڕینێکە بۆ ڕووخانی سیستمی وڵات. هەروەها مادۆرۆ لە میانەی ڤیستیڤاڵێکدا بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەوانییەوە لە کۆشکی "میرافۆرلیس"ی سەرۆکایەتی لە کاراکاس ڕایگەیاند "هەموو هێزە چەکدارەکان خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ بەرگریکردن لە سیستمی گشتیی. بە خێرایی دەستمانگرتۆ بەسەر ئەو فڕۆکەیەو سەرجەم ئەو کەسانەی بەشداربوون لەم کردەوە ئیرۆریستییەدا". هەروەها سەرۆک ڕایگەیاند کە یەکێک لە بۆمبەکان ئەقیوەنەوە و ئەوی دیکەیان نەنەقیوەنەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ حاڵەتێکی بریندارببوون بکات، جەختیشی لەوە کردەوە ئەو فڕۆکەیە سەر بە پۆلیسی فەنزوێلا بووە. سەرۆک ئەوەشی ڕاگەیاند، کە ئاهەنگێکی پێشوازیکردن لە میوان لەناو کۆشکی سەرۆکایەتیدا بەڕێوەچووە، هەربۆیە دوور نەبوو کە کارەساتێکی مرۆیی گەورە بخوڵقێنن. فڕۆکەکە دوای کۆشکی سەرۆکایەتی بۆمباران دەکات بەسەر هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و داد دا دەفڕێت. سەرۆک مادۆرۆ لایخۆیەوە ژەنەڕاڵ (نۆریس)ی نۆمەنبار کرد بە ئامادەکاریی بۆ جێبەجێکردنی کودەتایەک لە دژی، بەڵام ژەنەڕاڵ نۆرێس ئیدانەی هێرشە شێتانەکەی کرد بۆسەر بارەگاکانی دەوڵەت و داوای ڕاگرتنی تۆندوتیژیی کرد، هاوکات قسەکانی سەرۆکیشی بەدرۆخستەوە و ڕایگەیاند کە ناوی فڕۆکەوانەکە برێنیبووە کە (پیدرۆ پیرێز) نەک (ئۆسکار پیرێز)، کە فڕۆکەکەی ڕفاندووە و هێرشی پێکردۆتە سەر دادگای باڵا.

(پیرێز) کە ئەفسەرە لە دەزگای لێکۆڵینەوە زانستیی و تاوانکارییەکان لە پۆلیسی فەنزوێلا، پێشتر ڕاهێنای تایبەتی وەرگرتووە، کە یەکێک لەو ڕاهێنانانە لێخوڕی فڕۆکە بووە، پێش جێبەجێکردنی هێرشەکەش گوتارێکی بە دەنگ و ڕەنگ بڵاوکردەوە، تێیدا بە ناوی "هاوپەیمانێتیی ئەندامانی سوپاو پۆلیس و مەدەنییە بێلایەنەکانەوە"، لەو گوتارەکەیدا داوای لە سەرۆک مادۆرۆ و حکومەتەکەی کرد هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامبدەن.

فڕۆکەکە بە گەورەیی دروشمێکی لەسەر نووسرابوو "350 – ئازادی"، وەک ئاماژەیەک بۆ ماددەی 350ی دەستووری فەنزوێلا

مادۆرۆ لە شۆینگرتنەوەی چاڤێز شکستی هێنا

کە مافی ئەوە بە هاوواڵنیان دەدات دان بە دەسەاڵتدا نەنێ ئەگەر بەها و پڕەنسیپ و زەمانەنە دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤی جێبەجێنەکرد.

لەنێو ئەم کێشەیەدا سەرۆک مادۆرۆ هەڕەشی پەنابردنە بەر چەکی کرد بۆ بەرگریی لە حکومەنە سۆسیالیستییەکەی، کانێک لە میانەی ڕێپێوانێکی لایەنگرانیدا لە کاراکاسی پایتەخت ڕایگەیاند "ئەگەر فەنزوێلا بکەوێنە دۆخێکی پڕ لە ئاژاوە و فەوزا و ئوندونێژییەوە و شۆڕشی پۆلیڤاری بەرەو لەناوچوون بڕواث، ئەوا ئێمە پەنا بۆ شەڕ دەبەین". هەروەها مادۆرۆ ئەوەشی نەشاردەوە ئەگەر بە دەنگ ئەوەیان بۆ نەکرێث، ئەوا بە چەک ئەنجامی دەدەین".

مادۆرۆ، کە باس لەوە دەکاث ویلایەنە یەکگرنووەکانی ئەمریکا دەیەوێث کودەنای لەدژ ڕێکبخاث، هەوڵی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەداث لە 30ی ئەموزدا بە مەبەسنی دروسنکردنی کۆمەڵەی دامەزراندن، بەاڵم نەیارەکانی مادۆرۆ ئەم هەوڵە بە هەنگاوێک بەرەو دیکنانۆرییەث دەبینن. بەاڵم وەزیری ڕاگەیاندن باسی لەوەکرد ڕووداوی فڕۆکەکە کاریگەریی ناکانە سەر ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی دەنگدان و گرێدانی کۆمەڵەی دامەزراندن. لەم سانەدا سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی فەنزوێلا (هنریک کابریلیس) ڕایگەیاند کە بارەگای پەڕلەمان، بە ئەندامەکانیشییەوە، ڕووبەڕووی گەمارۆ بۆنەوە لەلایەن گروپە چەکدارەکانی سەر بە مادۆرۆوە. گەمارۆکە 5 کانژمێری خایاند، پێش ئەوەی ئەندام پەڕلەمانەکان و ڕۆژنامەنووسەکان بینای پەڕلەمان جێبهێڵن لە درەنگانێکی شەودا.

ڕۆژی دوانر لایەنگرانی سەرۆک مادۆرۆ چواردەوری باڵەخانەی پەڕلەمانیان گرث، کە ڕۆژی پێشنر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەسنی بەسەرداگیرابوو، لەو دەمەی ئەندامانی پەڕلەمان کۆبوونەوەیەکی نائاساییان گرێدابوو بە بۆنەی ڕۆژی سەربەخۆییەوە. دەیان کەس بە دەموچاوی بەسنراو و بە پۆشینی جلوبەرگی سوورەوە، کە ڕەنگی پارنی سۆسیالیسنی فەرمانڕەوایە، باخچەکانی پەڕلەمان و هەندێک جێگەی دیکەیان گرنبوو، ئەمەش دۆخێکی پڕ لە ئاژاوەی لەناو باڵەخانەکەدا دروسنکردبوو.

وەک هەوڵێک بۆ ڕێگرنن لە ئاژاوە و پشێویی لەناو وڵاندا، سەرۆکی فەنزوێلا (نیکۆالس مادۆرۆ) ئاسنی هەرە نزمی موچەکانی وڵاٹی زیادکرد بۆ (12.5 دۆلار) لە مانگێکدا، بەپێی نرخی دراوگۆڕینەوە لەناو بازاڕی ڕەشدا. بەاڵم بە ئەماشاکردنی دابەزینی بەهای دراوی نیشنیمانی، ئاسنی هەرە نزمی مانگانەی پۆلیڤیا بە ڕێژەی (17%) لەچاو دۆالری ئەمریکیدا بەهاکەی دابەزیوە. بەپێی داناکانی بۆرسەی فەنزوێلا، نرخی دراوگۆڕینەوە لە دوای هەڵبژاردنی مادۆرۆوە لە نیسانی ساڵی 2013 بە ڕێژەی (99.7%) بەرزبۆنەوە، ئەمەش لەناو ئەو قەیرانە داراییەی کاریگەریی خۆی لەسەر ملیۆنان کەس بەجێهێشنووە. مادۆرۆ بۆرسەکارەکانی بازاڕی نۆمەنبارکرد بە دەسنکاریکردنی نرخەکانی دراوگۆڕینەوە.

سەرچاوە:

ئاژانسی ڕۆیەرز

فرەڕوویی لە سیاسەتی ڕۆدریگۆ دوتێرتێ

تووندوتیژی و تاوان و چاکسازییەکان لە فلیپین

فرانسوا گۆشەی
لە فارسییەوە: سعد زمناکۆیی
IDEA DIPLOMATIC

ساڵی 2016 گەواهیدەری ڕۆدریگۆ دوتێرتێ بوو لە بوونی بە سەرۆك كۆماری فلیپین. سیاسەتی ڕۆدریگۆ لە دژی مادە هۆشبەرەكان و ئەنجامدانی تاوان، كە بووەهۆی گیان لەدەستدانی هەزاران كەس، بەخێرایی سەرنجی میدیا جیهانییەكانی بەلای خۆیدا ڕاكێشا. بەڵام جیاواز لەوەش، پیاوە بەهێزە تازەكارەكەی مانێلا، چەندین چاكسازیی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری خستە بواری جێبەجێكردنەوە.

ڕۆدریگۆ دوتێرتێ سەرۆك كۆماری فلیپین، كە هەڵبژاردنی وەك سەرۆك لە بنەڕەتدا پشت ئەستورە بەو ڕێبازی بەرەنگاربوونەوەیەی لەبەرامبەر ناسەقامگیری و گەندەڵی پیادەی دەكات، دوچاری جەنگێكی دژوار و بێ پێشینە بووەتەوە لەدژی مادە هۆشبەرەكان. ئەم هەڵمەتە، كە ناسراوە بە (تفەنگی دوو لوولە)، لە سەرەتای مانگی حەوتی 2016ەوە تا مانگی یەكی 2017 بووەتە هۆی مردنی زیاتر لە 7000 كەس و 35 كارمەندی دەزگا ئەمنییەكان. بەگوێرەی لێدوانی دەزگا ئەمنییەكان، نزیكەی 3000 كەس لەوانەی كە لە ئەنجامی چالاكییە ئەمنییەكان كوژراون، سەروكاریان لەگەڵ مادە هۆشبەرەكاندا هەبووە. 4049 كەسی دیكەش، كە نێكەڵەیەك بوون لە پۆلیس و سەربازانی پێشوو و جارجارە كۆمۆنیستەكان و موسوڵمانە شۆڕشگێڕەكانی پێشوو، قوربانیی دەستی گروپە دەسەڵاتدارەكان بوون كە بەبێ دادگاییكردن لەسێدارەیان دەدان. بە درێژایی ئەم ماوەیە، هێزە ئەمنییەكان 40182 چالاكیی سەربازیان ئەنجامداوە، 44070 كەسیان قۆڵبەستكردووە و زیاتر لە 6 ملیۆن ماڵیان پشكنیووە. 1،6 ملیۆن كەسیش كە 940 هەزاریان لە بەكارهێنەرانی مادە هۆشبەرەكان و 75 هەزاریشیان قاچاخچی بوون، بە شێوەی ئارەزوومەندانە خۆیان بەدەستەوەداوە.

ئایا وڵاتێ ئالوودەی دەردی كوشندەی مادە هۆشبەرەكان بووە؟ ئەمە پرسیارێكە كە وەڵامدانەوەی ئاسان نییە. جەنابی دوتێرتێ كە خۆی بە ئەدۆلف هیتلەر بەراورد دەكرد، قسەی بۆ (3 ملیۆن ئالودەبووی ماددەی هۆشبەر) دەكرد كە (بە كفت كردنیان ئەم زیاتر دەگەشایەوە) – هەرچەندە دواتر پۆزشی بۆ هێنانەوە. كۆنا لێكۆڵینەوەی ئاژانسی حكومی (فەرمانگەی ماددە هۆشبەرە مەترسیدارەكان) ئاماژە بەوە دەكات كە 4.8 ملیۆن هاوواڵتیی فلیپینی كە تەمەنیان لە نێوان 10 بۆ 69 ساڵیدایە، بەلایەنی كەمەوە یەك جار لە ژیانیاندا ماددەی هۆشبەریان بەكارهێناوە، ئەمە لەكاتێكدا كە 1.8 ملیۆن لەوانە كە دەكاتە (2, 3%) ی ئەم بەشەی كۆمەڵگا، بە ئالوودەبوو هەژمار دەكرێن چونكە بە بەردەوامی ماددەی هۆشبەریان بەكارهێناوە. وەك زۆرترین ماددەی بەكارهێنراو، حەشیش لە پلەی یەكەمدایە و مێنامفێتامینیش بە پلەی دووەم دێت كە ئەمەی دووهەمیان لەناو خەڵكدا بە سەرەگا ناوزەد دەكرێت.

جەنابی ڕۆدریگۆ وەبیرهێنانەوەی مەترسییەكانی چەسپاندنی سیاسەتێكی هاوئاهەنگ لەگەڵ مادده هۆشبەرەكانی بەگرنگ زانی. دوتێرتێ ماوەیەك دوای دەستبەكاربوونی وەك سەرۆك كۆمار، لیستێك ناوی بۆ ڕای گشتی ڕاگەیاند كە بریتیبوو لەناوی سیاسەتمەدارانی ناوخۆیی و دادوەران و كارمەندانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەكان و بازرگانان و ...هتد. كە بە پاڵپشتیی كردنی قاچاخچیانی مادده هۆشبەرەكان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تۆمەتبار كرابوون. بەڵام هیچكام لەم كەسانە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی نەبوونەتەوە بێجگە لە (ڕۆڵاندۆ ئیسپنەوزا) كە سەرۆكی شارەوانی ئالبوێرا بوو لە پارێزگای (لینەی) كە پاش ئەوەی قۆڵبەستكرا، لەلایەن پۆلیسەوە لە بەندیخانە كوژرا.

بەپێی ئێرۆانینەكانی وێستگەی بارودۆخی كۆمەڵایەتی (دامەزراوەیەكی لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتییە كە لە مانگی هەشتی ساڵی 1985دا دامەزرا، دامەزراوەیەكی ئایبەت بە وڵاتی فلیپینە و سەربەخۆیە و دوورە لە مامەڵەی بازرگانیەوە)، دوای نزیكەی شەش مانگ لە ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتی ئوندونیژیە، (85%) ی ئەوانەی هەڵسەنگاندیان بۆ دۆخەكە دەكرد خۆشحاڵی خۆیان بۆ دەرئەنجامی هەڵمەتەكە دەردەبڕی، و (88%)یان ئەنانەت بڕوایان وابوو كە قاچاخچێتی كردن بە مادده هۆشبەرەكانەوە لە ناوچەكانیان بە ڕێژەیەكی بەرچاو كەمیكردووە. 94%ی گەندەڵكاران ئێرۆانینیان لەبارەوە كراوە، بەڵام لەوە گرنگتر دەستگیركردنیانە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ. سەرەڕای ئەوەش 78%یان لەترسی ئەوەی خۆیان یاخود دارودەستەكەیان بەر شاڵاوی لەسێدارەدانی هاوڵاتیان بكەون ئۆقیون.

نیگەرانیەكانی خەڵك لەگەڵ ئەو زیادبوونەی لە ناڕەزایەتیەكان و ناهەمواری و پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤدا دەبینرێت و لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان و یەكێتیی ئەورووپا و وڵایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ڕێكخراوە ناحكومییەكان یاخود چاودێری مافەكانی

رۆدریگۆ دۆتێرتی هەڵمەتێکی بەربڵاوی بۆ قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان دەستپێکردۆ

مرۆڤەوە بەیان دەکرێن، ڕەنگدەدانەوە. هەرزوو هەندێک لە کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتی وەک (لەیلا ماجیسترادۆ دلیما) و سینانۆر (ئەنتۆنیۆ تریلان) دەستیان کرد بە هەڵدانەوەی بڕگە و بابەتەکانی ئەم پلانە کە بەم کارەیان ژیانی خۆیانیان دەخستە مەترسیەوە. خانوو دلیما و سەرۆک کۆمار ئێستا ئینر سەردەمانێکە یەکتر دەناسن، لە ساڵی 2009وە کە دلیما ئەوکات بەڕێوەبەری کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بوو، سەبارەت بە چالاکیەکانی چاودێران کە بەرپرس بوون لە کوشتنی زۆرینەی ئاوانبارانی شاری داڤاو لە دورگەی میندەناو، دەکۆڵییەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە سەرۆک کۆماری ئێستا (دوتێرتێ) سەرۆکی شارەوانیی مینداناوی ئەوکات بوو. دەسگیرکردنی لەیلا دلیما لە 25ی مانگی دووی ساڵی 2017 بەنۆمەتی دەرکەوتنی وەک قاچاخچیەکی ماددە هۆشبەرەکان، بە ئۆڵەسەندنەوەی دوتێرتێ لەو خانمە وەسف دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە کۆمسای کاسۆلیکی یەکێکبر بوو لەوانەی دژایەتی دوتێرتێیان دەکرد چونکە دژی هەموو ئەو کارانەیە کە سەرۆک کۆمار دوتێرتێ بەڵێنی جێبەجێکردنی داون: بەیاسایی کردنی ئەڵاق (جیابوونەوە) کە ئاسانی 1957 ڕێگەپێدراو بوو، دابینکردنی بودجەی ئایبەت بۆ ڕێکخستنی خێزان و ئەنانەت بۆ هاوڕەگەزبازانیش. بەشێوەیەکی گشتی، بەرنامەی پیاوانی کڵێسا بریتیە لە بەدواداچوون بۆ ئاشکراکردنی شێوازی ئوندونیژیی دەزگاکانی دەوڵەت و ئارەزوویان بۆ گەڕاندنەوە و بەیاسایی کردنی سزای لەسێدارەدان و ڕەمیکردنی قاچاخچیانی ماددە هۆشبەرەکان؛ ئەو یاسایەی کە مانگی سێ ی ساڵی 2017 پەرلەمان پەسەندی کرد بەڵام ئەنجومەنی پیران کە پێدەچێت لەدژی یاساکە بوەستێنەوە هێشتا پەسەندی نەکردووە. ڕێکخراوە ناحکومیەکانی داکۆکیکار لەمافەکانی مرۆڤ و نزیک لە حیزبی کۆمۆنیستی فلیپین، سەرەتا بێدەنگیان هەڵبژارد، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە بەگژداچوونەوەی سیاسەتی زۆرەملێیی کابینەی پێشوودا ڕۆڵی زۆر کاریگەریان گێڕابوو. لەڕاستیدا حیزبی کۆمۆنیست و دەوڵەتی فلیپین بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی پارتیزانیی نێوانیان کە نزیکەی 40 ساڵە بەردەوامیی هەیە، ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست. بەڵام کاتێک کە ئاگربەستەکە شکا، ناڕەزایەتیەکان وردەورده ڕەنگدانەوەی زیاتریان بەخۆوە بینی.

شەڕکردن لە دژی ماددەی هۆشبەر، کاریگەرییەکی ئەونۆی نەرێنی لە پیادەکردنی کۆمەڵێک چاکسازیی ڕیشەیی نییە. یەکێک لە بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار برێنیبوو لە بەپیشەسازیکردنی وڵاتە، کە ئەمەش بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەستە بە هەناردەکردنی شتومەکی سەرەنایی و هاوردەکردنی کەلوپەلی دروستکراو. فلیپین بەهۆی دەوڵەمەندییەوە لە بواری سەرچاوە کانزاییە سروشتییەکانی، بە یەکێک لە گەورەترین وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی زێڕ، مس، زیو، قورقوشم و کرۆم دادەنرێت لە کیشوەری ئاسیا ئاسیا. لە ساڵی 2014ەوە، کاتێک وڵاتی ئیندۆنیزیا هەناردەکردنی نیکڵی قەدەغەکرد، فلیپین بووە بە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنەری ئەم کانزایە لەسەر ئاستی جیهان. بەڵام هەروەک چۆن (بنیاد ئیبۆن) ئاماژەی پێکردووە، 70%ی کانزای بەرهەمهێنراوی ئەم وڵاتە بەبێ ئەوەی

کلێسای کاسۆلیکی دژایەتی دوتێرتی دەکات، چونکە دژی هەموو ئەو کارانەیە کە سەرۆک کۆمار بەڵێنی جێبەجێکردنی داون: بەیاسایی کردنی تەلاق (جیابوونەوە) کە تاساڵی 1957 ڕێگەپێدراو بوو، دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ ڕێکخستنی خێزان و تەنانەت بۆ هاوڕەگەزبازانیش

هیچ ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی پێوەبکرێت، بۆ وڵاتانێک هەناردەدەکرێت کە لە بەرامبەردا شتومەکە ئەواوکراوەکانیان هەناردەی فلیپین دەکەن. جەنابی سەرۆک کۆمار لە ئاوئۆیی دامەزراندنی زنجیرەیەکی پیشەسازیدایە کە لە دەرهێنانی مەوادی کانزایی ژێرزەویەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا بەرهەمهێنانی شتومەکە کۆتاییەکان.

سەرۆک کۆمار لەخۆی ڕادەبینێت کە هەڵگری ئاڵای بەپیشەسازیکردنی وڵاتە بێت و لەهەمان کاتیشدا خوازیارە کە ژینگەپارێزێکی وەک خانوو (ڕێجینا پاز لۆپێز) بکات بە وەزیری ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات. ئەمە لەکاتێکدایە کە خانوو لۆپێز ئەندامی یەکێک لە خانەوادە هەرە دەوڵەمەندەکانی فلیپینە و خاوەنی هەردوو کەناڵی نەلەفیزیۆنیی "ABS-CBN"ـە و هەرگیز ئارەزووی خۆی بۆ ڕاگرتنی هەرجۆرە چالاکیەکی دەرهێنانی کانزای ژێرزەوی نەشاردووەتەوە. لەڕاستیدا وەزارەتەکەی لۆپێز لە ماوەی هەشت مانگدا، چەندین لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ ڕێژەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی چالاکیی کانزایی لەسەر ژینگە ئەنجامداوە، کە ئەنجامەکانیان نانوانرێت نکۆڵی لێبکرێت. لەو ڕوانگەیەشەوە، وەزارەتەکەی لۆپێز فەرمانی داخستنی 23 کانگای دەرکرد لەو 41 کانگایەی کە زۆربەیان خەریکی دەرهێنانی کرۆمی ژێرزەوی بوون، هەروەها لە کۆی 311 بەڵێننامەی کاردنی پەسەندکراو، 75 بەڵێننامەی هەڵوەشاندەوە. دەبێت لەچاوەڕوانی ڕاگەیاندنی بڕیارگەلێکی دیکەشدا بین؛ سەرۆک کۆمار ئەوەشی ڕایگەیاندووە کە فلیپین لەتوانایدایە بەبێ پیشەسازی کانزا بەڕێوەبچێت، ئەو بڕوای وایە وەها پێشەسازییەک بەهرە و تواناکانی ناک لەناودەبات، ژینگە پیسدەکات، سروشتی جوان دەشێوێنێت و لەکۆنایشدا بۆ ئابووریی وڵات هاوکارێکی باش نییە. بەپێی خەملاندنەکانی دونێرنێ، ئەگەر بێت و فلیپین واز لە پیشەسازیی کانزا بهێنێت ئەوا ساڵانە 1،3 ملیار یۆرۆ لە داهاتی وڵات کەمدەکات.

ئایا سەرۆک کۆمارو خانوو لۆپێز لە توانایاندایە لە بەرامبەر فشاری کۆمپانیا کانزاکارەکان بوەستن، بەچەشنێک کە لە چوارچێوەی بەرنامەی ژووری کانزاکاریی فلیپیندا ڕێکبخرێت؟ کۆمەڵێک خێزانی بەهێز و ناسراو لە پشت ئیدارەدانی ئەم کارەوەن کە نێیاندا زۆرێک لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی سەرۆک کۆمار بوونیان هەیە. لەنێوان ئەم هاوپەیمانانەدا دەتوانین ناوی سەرۆکی ژوری کانزاکاریی فلیپین بەڕێز (بنیامین ڕۆموالدێز) بهێنین، کە سەرۆک کۆمار بەڵێنی کردنەوەی وەزارەتێکی تا پێش کۆتاییهاتنی ئەمساڵ پێداوە. کاندیدی هەڵنەبژێردراوی مانگی پێنجی 2016 بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار، ناچارە بۆ پڕکردنەوەی پۆستێک وەک وەزیر، ساڵێک چاوەڕێ بکات. ئەمە بەجۆرێک کە خانوو (ئیمێلدا مارکۆس) بێوەژنی دیکتاتۆر (فێردیناند مارکۆس) لە ساڵی 1965-1986 وە دایکی سیناتۆری پێشووی فێردیناند وانە (بۆنگبۆنگ)ە. لەسەروو ئەمەشەوە، میدیا سەرەکییەکانی وڵات لەژێر دەستی ئەم خێزانانەدا بەڕێوە دەبرێن. بۆ نمونە، هەر ئەم بنیامین ڕۆموالدێزە لەگەڵ خانوو (ساندی پرێینۆ-ڕۆموالدێز) خاوەنی یەکێک لە ڕۆژنامە هەرە بەناوبانگەکانی وڵات بەناوی (لێکۆڵەری ڕۆژانەی فلیپین)، هاوسەرگیری کردووە.

سەرچاوە:

لۆمۆند دیپلۆماتیک-فارسی

دروستکردنی ناوچە ئارامەکان

دووبارە دارِشتنەوەی نەخشەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لە نێوان ئەمەریکا – ڕوسیا

ئیمان زەهران
لە عەرەبییەوە: زانست سەباح
IDEA DIPLOMATIC

گوتاری ژێر لێوانەی ترامپ و جموجوولّە گریمانەییەکانی بۆ دووبارە دروستکردنەوەی دۆخێکی ئەمەریکایی دەستگەیشــتوو بە هەموو ڕوداوەکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست، فۆرمێکی نوێی لە هاوشــێوەی فۆرمی (پاشــەگەردانی دروستکراو)ای عێراق تایبەت بە ســەردەمی جۆرج بوشــی کوڕو کۆندۆلیــزا ڕایس وەزیــری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمەریکای سەپاندووە. بەلاّم جیاوازییەکە زیاتر بەدەردەکەوێت، سەرەڕای لێکچوونی نێوان سیاســەتەکان و پالّنەرەکان لە ڕووی سەپاندنی دەســەلاّت و هەژموونەوە. بەلاّم فۆرمی کارلێککردنی جیاوازە بەهۆی جیاوازی شــێوازی دووبارە پێکهێنانەوەی هاوپەیمانە پالّپشتەکان بۆ ستراتیژی نوێی ئەمەریکا لە تەواوی ناوچەکەدا. سەرەڕای ئەوەی لە قۆناغی کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتی ئۆباما بەرەو دەرچوون لە چوارچێوەی ململانێکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست هەنگاوی نا بەرەو تێکەڵبوونی لەگەڵ سیاسەتە ئابورییەکانی ئاسیادا. بەلاّم بوونی ســەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمەریکا (دۆنالّد ترامپ) لە ترۆپکی سیاسەتەکانی ئەمەریکا هەمووانی شلّەژاند سەبارەت بە ڕێڕەوی نوێی سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کە پێشــتر ئامادەکراوە. ئەوەتا دەبینین کە نەخشەیەك لە جۆرو فۆرمێکی تر هاتۆتە ئاراوە. کە بە گوێرەی ئەجێندایەکی ئابوری بە سیمایەکی دەمارگیری ئامادەسازی بۆ دەکرێت.

لە بەرامبەردا، یەکسەر دوای ئەوەی قەیرانی سوریا پێی نایە ساڵی شەشەمیەوە ڕۆڵی ڕوسیا لە ناوچەکەدا فۆرمەڵە کرایەوەو لە ساڵی 2016دا زنجیرەیەک گۆڕانکاری و ڕوداوی ئوندی بە دوای خۆیدا هێنا. پاشان فلادیمێر پۆتین کەڵکی لەم گۆڕانکارییانە بینی بەرەو ئاراستەی دروستکردنی ڕێڕەوێکی سیاسی ئازە لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا، کە قەڵغانەکەی سوریایە. مۆسکۆ بەرەو ئەستانە بەڕێکەوت، پاشان دەستی کرد بە کێبڕکێ کردنی ڕێڕەوی دانوستانەکانی ژنێف، لە هەوڵدانێکدا بۆ ئەوەی بنوانێت لانیکەم سەقفێک بۆ دەرئەنجامەکانی دابنێت لە چوارچێوەی دیدگای ڕوسیا بۆ دەرهاویشتەو پێوەیستییەکانی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ڕەوشی سوریا.

لە ژنێف بۆ ئەستانە: ئەجێندای ڕکابەر یان نەواوکارو گۆڕاو؟

دانوستان و وتوێژەکانی ژنێف بە گشتی بووە خاڵێکی دەستپێکی سیاسی، چونکە لە دەقی بەیاننامەی دانوستانەکان لە ساڵی 2012دا پێداگری دەکات لەسەر پێکهێنانی دەستەیەکی حوکم یان پێکهاتەیەکی گواستنەوە لە ڕژێمی سوریاو بەرەی ئۆپۆزسیۆن و لایەنە سەربەخۆکان، بە مەرجێک هەموو دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی هەبێت بۆ سەرکردایەتی کردنی قۆناغی گواستنەوە لە سوریا، بەلاّم ئەم ڕێڕەوە ڕووبەڕووی شلّەژان و لەرزینێکی گەورە بۆوە، سەرەڕای دەستێوەردانی ڕوسیا لە شەڕی سوریا لە دوای 30 ئەیلولی ساڵی 2015. ئەم دەستێوەردانەی مۆسکۆ ئاراستەیەکی سیاسی بەرجەستە کرد، کە مۆسکۆ لە قۆناغی خستنەڕوو بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی دەستێوەردانە سەربازییەکانی لە سوریا بچنێنەوە و خۆشی بپارێزێت لە هەڵخلیسکان بەرەو زۆنگاوێک کە هاوپەمانەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەوڵی بۆ دەدەن.

لە پاڵ شکستهێنانی هەوڵەکانی ڕوسیا - ئەمەریکا لە بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنێک بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمــارە (2254)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕوسیا دەستبەرداری بیرۆکەی کارکردنی هاوبەش لەگەڵ واشنتۆن بوو، دەستی کرد بە گرتنەبەری ئاراستەیەکی نزیکیی هەرێمیی بۆ چارەسەرکردنی ململانێکە بە سەرکردایەتی خۆی، لەمەشدا سودی لە شلوشاوی ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما بینی لە ماوەی چەند مانگی دوایی دەسەلاّتەکەی وەک سەرۆک ئەمەریکا، ئەوەشی کە زیاتر هەڵوێستی لاواز کرد بریتی بوو لە پابەند نەبوونی پێتاگۆن بەو ڕێککەوتنەی کە جۆن کیری، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا لە 9ی ئەیلولی 2016 لە مۆسکۆ پێی گەیشت بۆ هەماهەنگی لە ڕووی سەربازی و ئەمنی لە نێوان هەردوو سوپای ڕوسی و ئەمەریکی لە قەیرانی سوریا لە دژی ڕێکخراوی داعش و بەرەی نوسرە (فەتحولشام)، ئۆباماش پشتیوانی لێکرد، وەک هەنگاوێک بە ئاراستەی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست و هاریکاریکردن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا.

هەنگاوە بەرجەستە هەڕێمییەکان بۆ زەمینەخۆشکردن بەرەو ئەستانە

لە ڕووی کەڵکوەرگرتنی سەرۆکی ڕوسیا (ڤلادیمێر پۆتین) بەرەو گۆڕینی ژینگەی هەرێمایەتی، کە لە گۆڕینی هەڵوێستی تورکیادا دەرکەوت هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی گومانەکان سەبارەت بە ئامانجەکانی چشتیوانی ئەمەریکا لە هێزە کوردییەکانی باکوری سوریاو لێکنزیکبوونەوەی ئێران و یەکگرتنی لەگەڵ هەڵوێستی ڕوسیا بەرجەستە بووە. ئەم کەرەستە بەرجەستەبووانە ڕێڕەوی بەرەو ئەستانەیان لێوە بەرهەم هاتۆ، کە تێیدا تورکیا گەرەنتی دا بە بەشداریکردنی هێزو پێکهاتەکانی ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر گەرەنتی پێدانی ڕوسیا بە بەشداریکردنی ڕژێمی سوریاو پابەندکردنی بە مەرجەکانی ڕێککەوتن و ئاگربەست، ئێرانیش چووە پاڵی، بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە بینینی ڕۆڵێکی نێکدەرانە سەبارەت بە قەیرانی سوریا، لە نێوانیشیاندا ڕێککەوتنی دەرکردنی ئۆرپۆزسیۆن لە حەڵەب و ڕێککەوتنی ئاگربەست و دانپێدانانی ڕوسیا بە هێزو گروپەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ئێران بە هێزی "تیرۆریستی" دەیاندانە قەڵەم.

شیاوی باسکردنە مۆسکۆ قەبارەی کەڵکوەرگرتنی لەو هەنگاوو کەرەستە هەرێمی و نێودەوڵەتییانە گەورەتر دەکات بە مەبەستی گەورەکردنی ئەجێندای ئەستانە پێش لکاندنی بە ڕێککەوتنی چوارقۆڵی ژنێف، ئەمەش لە ڕێگەی:

1. لاوازبوونی ڕۆڵی مەیدانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە دوای لەدەستدانی حەڵەب،

2. خواستی ڕژێمی ئەسەد ئێران لە بەردەوامبوونی ڕێگەچارەی سەربازی.

3. ئاراستە وەرگرتنی ئیدارەی ترامپ بە چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ درێژەکێشانی شەڕ لە دژی ڕێکخراوی داعش.

4. گۆڕانی ئەولەویەتەکانی تورکیا بەرەو فشار خستنە سەر ئۆپۆزسیۆن بە ڕاویبوونی بەو پێشنیارەی کە بۆ چارەسەر دایناوە، پێش گەیشتن بە ڕێککەوتنی ژنێف دەربارەی (دەستور، حکومەتی یەکێتی نیشتمانی، هەڵبژاردنەکان).

"ناوچە ئارامەکان"، پلانی ئەمەریکایە بۆ دابەشکردنی سوریا یان هەنگاوێک بەرەو دروستکردنی هاوسەنگی؟

لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و لە دوای دانانی بە سەرۆکی نوێی ئەمەریکا، ترامپ بانگەشەی کرد بۆ دروستکردنی ناوچەکانی دژە فڕین بۆ حەوانەوەی پەنابەرو ئاوارەکانی سوریا وەک ئەڵتەرنائیڤێک ناوەکو ڕێگەیان پێبدرێت بچنە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ترامپ ئیدارەی ئۆباما بە شکستخواردن تۆمەتبار کرد لە ڕووی پشکنینی ئەو پەنابەرە سووریانەی دەچنە ناو ئەمەریکاوە تاوەکو بزانرێت کە ئایا هیچ پەیوەندییان بە هێزو گروپە تووندڕەوەکانەوە هەیە یان نا. لەسەر ئەم بنەمایە ڕوانینی ترامپ بۆ ناوچە ئارامەکان لە سوریا وەک ئامرازێک لێی دەڕوانرێت بۆ سنووردانان لەبەردەم کۆچکردنی سوریەکان بەرەو ئەمەریکاو دەوڵەتانی ئەورووپاو ناوچەکانی دیکەی جیهان.

ناوچە ئارامەکان دروست دەکرێت لە پێناو پراستنی کۆمەڵێک خەڵک، کە نانوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، ئەوەش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێت، جگە لەمەش دەوڵەتێک یان دوو دەوڵەت ڕادەسپێردرێن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بە بەکارهێنانی هێز لە پێناو

لە پاڵ شکستهێنانی هەوڵەکانی ڕوسیا – ئەمەریکا لە بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنێك بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (2254)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕوسیا دەستبەرداری بیرۆکەی کارکردنی هاوبەش لەگەڵ واشنتۆن بوو، بۆ چارەسەرکردنی مەلانێکە بە سەرکردایەتی خۆی

دەستەبەرکردنی کاری مرۆیی لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێڕەوە پارێزراوەکان بۆ پارێزگاری کردن لە هاوڵاتیان سڤیل، ئەمەش بە گوێرەی بڕیارێک کە لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەر بە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەردەچێت. دۆخی سوریا لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا یەکەم حاڵەت نییە، بەڵکو پێشڕیش نەنەوە یەکگرتووەکان لە چەند دەوڵەتێکی ڕ لەژێر چەتری پاراستنی هاوڵاتیانی سڤیل و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لە کەمینەکان و پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بەدەنگەوە هاتووە و دەستێوەردانی کردووە.

ئەمریکا هەوڵدەدات ناوچەیەکی ئارام لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریا دابمەزرێنێت

ڕەهەندە ستراتیژییەکانی ناوچە ئارامەکان لە سوریا

لە دوای ڕوداوە سەرەتاکانی شۆڕشی سوریاوە، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بانگەشەیان کرد بۆ دروستکردنی چەند ناوچەیەکی ئارام و پارێزراو لە سوریا، پاشان لە نۆڤەمبەری 2011دا چەندین خۆپیشاندان دەستی پێکرد، کە بە "هەینی قەدەغەکردنی فڕین داوامانە" ناسراوە، دوای ئەوە ناڕەزایەتیەکی ملیۆنی تر لە ساڵی 2012 بە ناوی "هەینی ناوچەی دابڕاو" دەستی پێکرد. دەرهاویشتە نەرێنی و خراپەکانی لێکنر دابڕان و دووركەوتنەوەی نێوان ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنی سوریا، سەرەڕای هەڕەشەکانی ڕێکخراوی داعش و ئەنجامە نەرێنییەکانی پشت هەڵگرتنی چەک لەلایەن هێزو ناقمە جۆراوجۆرەکانەوە لە باکورو باشوری سوریا، گرنگی دروستکردنی ناوچە ئارامەکانی زیاتر کرد، بە تایبەتی لەگەڵ هەوڵدانی کوردەکانی سوریا بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لەسەر سنوری نێوان سوریاو تورکیا، سەرەڕای ئەو ڕێکارە مرۆیی و ئاسایشییانەی، کە ئەو بیرۆکەیە زیاتر دەسەپێنن لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراودا، وەک:

– دابینکردنی پەناگەی ئارام بۆ ئەو پەنابەرە سوریانەی کە لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەکان و موشەکەکانی سکۆدو بەرمیلە بارونەکان و چەکە کیمیاوییەکانی ئەسەد هەڵاتوون.

– یارمەتیدانی حکومەتی کاتی سوریا بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتگوزارییەکانی لە زۆرترین ڕووبەری ناوخۆی سوریادا پێشکەش بە خەڵک بکات.

– دروستکردنی بنکەو پەناگەیەکی ئارام بۆ شۆڕشگێڕەکان و هەڵگەڕاوەکان لە سەربازو مەدەنییەکان و ئەوانەی لە دەست سنەمی ڕژێم هەڵاتوون، هەروەها یارمەتیدانیان بۆ حەوانەوەو بەدەستهێنانی خۆراک و پێداویستییەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکان و کۆمەڵە خێرخوازییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە.

– یارمەتیدانی گروپ و هێزە شۆڕشگێڕەکان بۆ گردبوونەوە لەژێر چەتری یەک دامەزراوەی سەربازی نیشتمانی، کە ئامانجەکانی ڕوون و دیار بێت و یارمەتیدەر بێت لە ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد لە پێناو وەستاندنی ڕشتنی خوێنی سوریەکان.

سەرچاوە:

ناوەندی عەرەبی بۆ تۆێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان

http://www. acrseg. org/40461

شی جین پینگ و
پەیڕەوکردنی ستراتیژی مارکۆ پۆلۆ

جۆزیف نای*
لە عەرەبییەوە: خەباث عومەر

IDEA DIPLOMATIC

جۆزیف نای*

لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا سەرۆکی چین (شی جین پینگ) سەرۆکایەتیی کۆڕبەندی "پشتێنە و ڕێگا"ی لە پەکین وەرگرت، کە ڕێکخستنێکی گەورەی بۆ کرابوو. قسەو باسەکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ 29 سەرۆکی لەخۆی کۆکردبووەوە، لەنێویاندا سەرۆکی ڕوسیا ڤلادیمێر پۆتین، جگە لە 1200 نوێنەر لە زیاتر لە 100 وڵاتەوە. سەرۆکی چین ئەم دەستپێشخەریی و کۆڕبەندەی بە "پرۆژەی سەدە" ناوبردووە. ئەو 65 وڵاتەی تێیدا بەشدارن سێیەکی گۆی زەوی پێکدەهێنن و نزیکەی 4.5 ملیار مرۆڤ ژمارەی دانیشتوانیانە.

لە دوای ڕاگەیاندنییەوە لە ساڵی 2013، ئەو پرۆژەیەی سەرۆکی چین کە ئامانجەکەی یەکانگیرکردنی ئۆراسیایە لە میانەی سەرمایەگوزارییەکی زەبەلاحەوە کە بەهاکەی نزیکەی تریلیۆنێک دۆلاری ئەمەریکییە، لەناو بناغەیەکی بنەڕەتییدا کە لە چینەوە درێژ دەبێنەوە بۆ ئەوروپا، هاوکات درێژ دەبێنەوە بۆ باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیاو خۆرهەڵاتی ئەفریقیا، ئەم پرۆژەیە بە پلانی مارشاڵی نوێ لە چین ناوبراوە، جگە لە هەوڵەکانی بۆ دانانی ستراتیژێکی گەورە بۆ ناوچەکە. وەک هەندێک لە چاودێرانی کۆڕبەندەکە پێیان وایە بەشێکە لە هەوڵەکانی شی جین پینگ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی وازهێنانی ئیدارەی ترامپ لە ڕێککەوتنامەی هاوبەشیی بازرگانیی زەریای ئارامەوە هانۆنەوە ئاراوە، کە پێشتر باراک ئۆباما بڕیاری لەسەردابوو.

دەستپێشخەرییە پڕ لە خواستەکەی چین لە توانایدایە بناغە بنەڕەتییەکە بەردەستبخات لە ڕێگەی خێرا و هێڵی ئاسنین و هێڵی بۆری و وێستگەی بەرهەمهێنانی وزە لە وڵاتە هەژارەکان. هەروەها پلانەکە ئامانجێکی دیکەی بریتییە لە هاندانی کۆمپانیا چینییەکان بۆ زیادکردنی وەبەرهێنانەکانیان لە ڕێگەکان و هێلە ئاسنینەکان. هەروەها ئەم پشتێنەیە نۆڕێکی زەبەلاحی ڕێگەی خێرا و هێڵی ئاسن لە ئاسیای ناوەڕاست لەخۆدەگرێت، لەو دەمەی ڕێگا ئاماژەیە بۆ زنجیرەیەک ڕێگەی دەریایی و وشکانیی لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا. مارکۆ پۆلۆ لە بەرامبەر پرۆژەیەکی وەهادا هەستی بە شانازی دەکرد. ئەگەر چین یەدەگە دارایییە زیادەکانی خۆی بۆ بونیادنانی ژێرخانی وڵاتە هەژارەکان و بەهێزکردن و نوندونۆڵکردنەوەی بازرگانیی نێودەوڵەتی بەکارهێنابا، ئەوکات دەماننوانی بڵێین سوودێکی گەورەی جیهانیی لێ دەبینین. گومان لەوەدا نییە کە پاڵنەرەکانی ئەواو پاڵنەری خێر نین. دووبارە دابەشکردنەوەی دەسنهاتە زەبەلاحەکانی چین لە دراوی بیانی، دوورە لە گەنجینەی ئەمریکی خاوەن هەمان داهاتی نزم بەرەو سەرمایەگوزاریی باڵاتر لە پرۆژەکانی ژێرخاندا کارێکی لۆژیکییە، بەجۆرێک ئەمە دەبێتە بازارێکی جێگرەوە بۆ کاڵای چینیی. لەگەڵ وەرچەرخانی بەپیشەسازیکردنی چین بۆ چەند هەرێمێک کە پێگەیشتنی ئاسان نەبێت، بەسەرە بنەڕەتییەکانی ژێرخان لەگەڵ بازاڕی نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ پێداویستییە گەشەسەندنئامێزەکانی چین.

بەڵام ئایا ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا یەکێکە لە مانۆڕەکانی پەیوەندییە گشتییەکان وەک لەوەی سەرمایەگوزارییەکی ڕاستەقینە بێت؟ بەپێی ڕۆژنامەی فایناشناڵ ئایمز سەرمایەگوزاریی دەستپێشخەرییەکەی شی جین پینگ، کە ئەمەش گومانی دروستکردووە کە ئایا کۆمپانیا بازرگانییەکان پەیوەست دەبن بە مەرجەکانی حکومەتەوە. هەموو هەفتەیەک پێنج شەمەندەفەری شمەک هەڵگر لە چۆنگ چیانگەوە ڕوو لە ئەڵمانیا دەکەن، بەڵام ئەنها یەک شەمەندەفەریان دەگەڕێنەوە.

هەناوەکو ئێستاش ئێچوونی گواستنەوەی وشکانیی لە چینەوە بۆ ئەوروپا، نیوەی ئێچوونی بازرگانیی دەریاییە. بەپێی گوتەی "فایناشناڵ ئایمز"، دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا "بەداخەوە گوزارشتە لە ڕوانگەیەکی سیاسیی بەرفراوان زیاتر لەوەی پلانێکی کردارەکیی بێت بۆ وەبەرهێنان". سەرەڕای ئەوەش بابەتەکە خاڵیی نییە لە مەترسیی قەرزەکان و قەرزە نەدراوەکانی پرۆژەکان، پێویستە فیلێکی سپیی ئابووریی بیت، ڕەنگیشە ببێتە مایەی ئێکدانی ململانێ ئەمنییەکانی

ئەو پرۆژانەی زیاتر لە سنووریکی سیاسی دەبڕن. هیندستانیش زۆر دڵخۆش نییە بە بوونێکی گەورەتری چین لە زەریای هێمن، وەک ئەوەی ڕوسیا و تورکیا و ئێران هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای ئایبەنی خۆیان دەدەن لە ئاسیای ناوەڕاست.

لەڕاستیدا ڕوانگەیەکی ناڕادەیەک سەرنجڕاکێش لەئارادایە، بەڵام ئایا وەک ستراتیژیکی گەورە سەرکەوتوو دەبێت؟ چین گرەو لەسەر گریمانەیەکی جیۆپۆلەتیکیی دێرین دەکات. پێش سەدەیەک لەئێستا ئیۆریستینی ناوداری بەریتانیی (هالفۆرد ماکیندەر) بانگەشەی ئەوەی کرد کە هەر لایەنێک کۆنترۆڵی دورگەی ئۆراسیا بکات ئەوا کۆنترۆڵی جیهانیش دەکات. لەبەرامبەریشدا، ستراتیژییەتی ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو ڕوانگە جیۆپۆلەتیکییە بە باش دەزانێت کە ئەدمیراڵ (ئەلفرێد ماهان) لە سەدەی 19دا پێشکەشیکرد، کە جەخت لەسەر هێزی دەریایی و ڕووە ئاوییەکان دەکاتەوە.

لە کۆنایبەکانی جەنگی جیهانیی دووەمـدا، (جۆرج ف. کینان) پەیڕەوی لە ڕێبازەکەی (ماهان) کرد بۆ بەرەوپێشبردنی ستراتیژییەتی جەنگی سارد، کە خۆی دایناپوو و کاری لەسەر دەستبەسەرداگرتنی یەکێتیی سۆڤیەت دەکرد، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت هاوسەنگییەک ڕابگرێت لەنێوان هێزە جیهانییەکاندا، بەتایبەت ئەو هێزانەی پێشوازیی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن، ئەوەبوو هاوپەیمانێتیی لەگەڵ دورگەکانی بەریتانیا و ژاپۆن و نیمچە دورگەکانی ئەوروپای خۆرئاوا لە بەرەی ئۆراسیاوە بەست. هەتاوەکو ئێستاش کارەکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا لەسەر درێژکراوەی ئەم پلانانە دەڕۆن، لەگەڵ گرنگیپێدانێکی کەمتر بە ئاسیای ناوەڕاست.

گۆڕانێکی گەورە لە سەردەمی ئینتەرنێتدا ڕوویداوە، بەڵام هێشتا جیۆگرافیا گرنگییەکی گەورەی هەیە، وێڕای ئەوەی ئەو مەودا و دوورییانەی باسکران هیچیان بوونیان نەماوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، زۆرێک لە کێبڕکێ جیۆپۆلەتیکییەکان لە دەوری پرسی "خۆرهەڵات" دەسوڕانەوە، ئەم ململانێیەش خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە کێ حکومی ئەو ناوچەیە دەکات کە جێگەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی هەڵوەشاوە بوو. پرۆژە ژێرخانییەکانی وەک هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغداد، بوونە مایەی وروژاندنی دڕدۆنگیی لەنێوان وڵاتە مەزنەکاندا. ئایا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا پرسی ئۆراسیا هانۆتە جێگەی ئەم ململانێیانە؟

لەگەڵ دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەدا، چین گرەو لەسەر ماکندەر و مارکۆ پۆلۆ دەکات. بەڵام ڕێگەی وشکانیی ئاسیای ناوەڕاست ژیان دەگەڕێنێتەوە بۆ گەمە گەورەکەی سەدەی نۆزدە کە کێبڕکێکە لەسەر سەپاندنی هەژموون بوو، کە بریتانیا و ڕوسیا کارەکتەری سەرەکیی ئەم هەژموونە بوون، ئەمە جگە لە ئیمپراتۆریەتەکانی ڕابردووی وەک ئێران و تورکیا. لە هەمان کاتیشدا، ئەو ڕێگە وشکانییەی بە زەریای هێمندا ئێدەپەڕێت کێبڕکێکانی چینی دەرخست لەگەڵ هیندستاندا، بەتایبەت لەگەڵ بەرزبوونەوەی نائارامییەکان سەبارەت بە بەندەرەکانی چین و ڕێگاکانی پاکستان.

لای خۆیشییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرەو لەسەر ماهان و کینان دەکات. ئاسیا خاوەنی نەرازویەکی هێزی ئایبەت بە خۆیەتی، هیچ کام لە هیندستان و ژاپۆن و قێتنام بە هەژموونی چین ڕازی نابن. وەک بەشێک لە چارەسەریش نەماشای ئەمریکا دەکەن. ئەو سیاسەتەش کە ئەمریکا گرتوویەتیەبەر بریتی نییە لە

وەك هەندێـك لە چاودێرانی کۆڕبەندەکە پێیان وایە بەشـێکە لە هەوڵەکانی شی جین پینگ بۆ پـڕکردنـەوەی ئەو بۆشـاییەی بەهۆی وازهێنانی ئیـدارەی ترامپ لە ڕێککەوتننامەی هاوبەشـیی بازرگانیی زەریـای ئارامەوە هاتۆتەوە ئاراوە، کە پێشتر بارك ئۆباما بڕیاری لەسەردابوو

سنووردارکردن و بەرگرتن بە چین- ئـەوەی گەواهی ئەمەش دەداتێ لێشاوی گەورەی بازرگانی و ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانە لەنێوان وڵاتەکاندا. بەڵام کاتێک چینیش دێنە ناو گۆڕەپانی ناکۆکییە هەرێمییەکانەوە لەگەڵ دراوسێ دەریاییەکانیدا، کە سەرمەستە بە ڕوانگەی مەزنێنیی نیشتیمانیی، دەیەوێت پاڵیانبنێت بۆناو باوەشی ئەمریکا. لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکیی چین بریتییە لە "بەربەخۆگرتن". تەنانەت لە سەردەمی ئینتەرنێت و ئامڕازەکانی ماس میدیادا، هێشتا نەتەوەگەرایی چین گەلێک بەهێزە.

چین هەمیشە پارێزگاری لە گەشەی ئابووری و سەربەخۆیی یوان دەکات

بەکۆی گشتی پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشوازیی لە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەی چینیی بکات. وەک ئەوەی ڕۆبەرت زۆلیک نوێنەری بازرگانی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو سەرۆکی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی باسی دەکات، ئەگەر چینی دەرکەوتوو هاوبەش بوو لە فەراهەمکردنی سوودی گشتیی جیهانیی، پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هانی چین بدات لەسەر وەرچەرخانی بەرەو خاوەنی بەرژەوەندیی لێپرسراوان. لەسەروو ئەوەشەوە، ڕەنگە هەل بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بڕەخسێت هەناوەکو سوود لە سەرمایەگوزارییەکانی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە وەربگرن.

ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو چین هەلیان لەبەردەستدایە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی گەورە لە ڕێگەی هاریکاریی یەکترەوە لە کۆمەڵە پرسێکی جۆراوجۆرەوە، وەک سەقامگیریی دراوو گۆڕانی ئاووهەوا، هەروەها ئەو یاساو ڕێسایانەی فەزای مەجازی کۆنترۆڵ دەکەن، لەگەڵ نەهێشتنی ئیرۆر. وێڕای ئەوەی دەستپێشخەریی پشتێنەو ڕێگە چەندین دەستکەوتی جیۆپۆلەتیکی بە چین دەبەخشێت، ئەمە سەرەڕای ئەو خەرجییانەی دەکەوێنە سەرشانی، پێشبینیی ئەوە ناکرێت ئەم دەستپێشخەرییە گۆڕانکاریی لە ڕێساکانی گەمە ستراتیژییە گەورەکاندا بکات، وەک ئەوەی هەندێک لە شیکەرەوەکان باوەڕیان وایە. پرسیاری هەرە گران ئەوەیە کە چی دەبێت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنوانێت ئەو هیوایانە بەدیبهێنێت کە لەسەری هەڵچنراون؟

*(سکرێتێری یاریدەدەری وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکایە و مامۆستایە لە زانکۆی هارڤارد، نووسەری هەردوو کتێبی "هێزی نەرم" و "داهاتووی هێز"ە.

سەرچاوە:

پرۆجێکت سیندیکت

لیبیای دوای قەزافی
چەند دورگەیەکی سەربازی دابڕاو

عەبدولسنار حەتینە
لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک
IDEA DIPLOMATIC



عەبدولستار حەتیتە

بە پێچەوانەی میلیشیا پەرتوبلاوەکان، کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی (مەعەمەر قەزافی)یەوە لە ساڵی 20111 دەستیان بەسەر شانۆی سیاسی لیبیادا گرتووە، لە ئێستادا هەندێك ڕێکخراوی چەکداری ڕێکخراو و بەدیسپلین، کە چەندین ئەفسەر و سەربازی سوپا و پۆلیسیان لەخۆگرتووە، لە چەندین شوێنی جیاوازی وڵات دەستیان بە کارکردن کردووە، بەبێ ئەوەی هێشتا بتوانن لە تاکە هەیکەلێکدا یەکبگرن و کۆببنەوە، بەڵام هەبوونی ئەم گروپانە، بەم دواییانە بوونەتە مایەی تەنگپێهەڵچنین بە ڕێکخراوە پەڕگیرەکان و قاچاخچییەکانی کۆچبەرانی نایاسایی و کۆتایهێنان بە چەندین دیاردەی نایاسایی.

پاسەوانی سەرۆکایەتی

عەمید (نەجمی ناکوع)ی فەرماندەی "پاسەوانی سەرۆکایەتی"ی لیبیا لەم بارەیەوە دەڵێت هێزەکەم سیستمانێکەو هیچ میلیشیایەکی تێدا نییەم ئامادەیە بۆ سەڕاندنی ئاسایش بەسەر پایتەختدا. هەروەها عەمید (مسنەفا چەرکەسی)ی فەرماندەی یەکەکانی بەرگری لە بەنغازی، کە هەندێک کەس بە هاریکار لەگەڵ گروپە پەڕگیرەکان تۆمەتباری دەکەین، ڕایگەیاند کە هێزە سەربازییەکانی سیستمانێکن و هیچ پەیوەندییەکیان بە گروپە تۆندڕەوەکانەوە نییە، ڕوونیشی کردەوە کە خودی خۆی ڕووبەڕووی هەڕەشەی نیرۆریستی بۆتەوە لەبەرئەوەی کەسێکی سەربازییە.

دۆخەکە هەرچۆنێک بێت، چەندین کەس هەن دەستیان لەگەڵ هێزە سەربازییەکان تێکەڵ کردووە کە هەناوەکو ئێستا وەک دورگەیەکی دابڕاو کاردەکەن، بۆ کۆنایهێنان بەو ململانێ سیاسی و فەوزا ئەمنییەی لە ئارادایە، هەروەها هەوڵگەلێکیش هەن بۆ نزیککردنەوەی مەودای نێوان سەرانی سوپا، کە پێش ساڵی 2013 چوارچێوەیەکی یەکگرتوو بوو، لە پێناو یەکخستنی دامەزراوەی سەربازیدا سەرلەنوێ، پاش ئەوەی ئەم دامەزراوەیە ڕوبەڕوی لێدانێکی تۆند بۆتەوە لەلایەن هێزەکانی پەیمانی باکوری ئەتڵانتیک (ناتۆ)، کە لە پێناو ڕاپەڕینی چەکداریی دژ بە قەزافیدا دەستوەردانی لە دۆخەکە کرد.

لە ئێستادا هێزە نێودەوڵەتییەکان، لەسەروو هەموویانەوە ئەورووپا و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دوای ڕێکخستنی سەربازی دیسپلینکراودا دەگەڕێن، کە بتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ ڕاهێنان و پیدانی کەرەستەی سەربازی بۆ ئەوەی ببنە فاکتەرێک بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕاگرتنی کۆچی نایاسایی و لەناوبردنی ڕێکخراوە تۆندڕەوەکان. پاڵپشتییەکی ئەورووپی هەیە بۆ پشتیوانیی پاسەوانی سەرۆکایەتی و چەندین دامەزراوەی سەربازیی دیکە، لەوانە هەندێک لە هێزە دەریاییەکان، هەروەها چەند یەکەیەک لە هێزە زەمینییەکان، ئەوەش لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاسایشی کەنارەکانی سەر دەریای ناوەڕاست لە بەرەی ئەڕابلوس و ناوچە سنوورییەکانی خۆرئاوا و باشور، کە چالاکییەکی گەورەی کۆچی نایاسایی تێدا دەبینرێت لەگەڵ تێپەڕینی چەکدارە بیانییەکان و بەقاچاخبردنی چەک و ماددەی هۆشبەر.

هاوکات (ناکۆع) سەرۆکایەتی هێزەکانی پاسەوانی سەرۆکایەتی دەکات کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە سەرۆکایەتی (فایز سەراج) درونکراوە، ژمارەی ئەندامانی ئەم هێزە هەناوەکو ئێستا گەیشتۆتە 1200 سەرباز و ئەفسەر، کە سەرجەمیان ژمارەی سەربازییان وەرگرتووە، دەگوترێت ڕەنگە ئەم ژمارەیە بگاتە نزیکەی 4 هەزار ئەندام. لەو دەمەی (چەرکەسی) سەرۆکایەتی هێزەکانی (سرییەکانی بەرگری لە بەنغازی) دەکات، کە ژمارەکەی دەگاتە زیاتر لە هەزار سەرباز و ئەفسەر. ئەم دوو قەوارەیە سەربازییە بە دابڕاو لە سوپای نیشتیمانی لیبیا کاردەکەن، کە لەلایەن (خەلیفە حەفتەر) ـەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەنانەت هێزەکانی چەرکەسی کەونوونەتە شەڕەوە دژ بە بوونی حەفتەر لە ناوچەی بیرە نەوتییەکان.

خەلیفە هەفتەر

نەجمی ئەلناکوع



ئەلمەهدی ئەلبورغوسی

هێزەکانی (البنیان المرصوص)

بە شێوەیەکی گشتی گەشەی هێزە سەربازییە نیزامییەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیان، ئەنانەث لەگەڵ بەردەوامبوونی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردەکانی، بۆنە مایەی پاشەکشەی نفوزی گروپە پەرگیرەکان. گەورەترین هەڵمەث دژ بە ئوندڕەوەکان، ئەو هەڵمەنە بوو کە لەلایەن هێزەکانی (البنیان المرصوص)ـەوە ئەنجامدرا، کە ئەم هێزەش سەر بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتییە، دژ بە بوونی ڕێکخراوی داعشە لە ناوچەی (سرث). ڕێکخراوەکە چەندین چەکداری فرەڕەگەزی لەخۆگرتووە، لەنێویاندا چەکداری ئوندیی و جەزائیری و میسری و ...هتد.

لای خۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر لەو سەربازییانەی لەژێر ناوی ئۆپراسیۆنی (بنیان المرصوص)دا دەجەنگان، چونە پاڵ پاسەوانی نیشتیمانیی و یەکەکانی بەرگریی لە بەنغازی. هەروەک ژمارەیەکی دیکە لە سەرباز و خۆبەخشی دیکە چوونە ڕیزەکانی حەفتەرەوە. بەپێی سەرچاوە سەربازییەکانی لیبیا کە بەم دواییانە سەردانی قاهیرەیان کردووە، قسە لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک سەربازە لیبییەکان کراوە بۆ ئامادەکردنی کۆبوونەوەیەک کە کۆنایی بە ناکۆکییەکانی نێوان پیاوانی دامەزراوەی سەربازی بهێنێث، کە بەهۆی دابەشکاریی نێوان ئەمانەوە هەموو ڕێگەکانی نێوان خۆرهەڵاث و خۆرئاوا و باشوور بە دریژایی شەش ساڵی ڕابردوو ڕاگیراون.

هاوشان لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا، چەندین بنکە و سەربازگە کرانەوە بۆ مەشقکردن و لەخۆگرتنی هەرکەسێک کە لەگەڵ میلیشیاکاندا بجەنگێث، لەناو قەوارە سەربازییە نوێیەکاندا، دوای بڕینی مەرجە ئایبەنەکان بە ئاوێنەبوون لەناو یەکەکانی سوپادا. لەم بارەیەوە عەمید (ناکوع) دەڵێث: دەمانەوێث لە ئەڕابلوس و سەرئاسەری لیبیادا ئاسایش بەرقەرار بکەین. پێشوازی لە هەر کەسێکیش دەکەین کە بیەەوێث بێنە ڕیزەکانمانەوە، بەو مەرجەی لە دۆخێکی گونجاودا بێث و گونجاو بێث لەگەڵ مەرجەکانی هاتنە نێو سوپای سەرۆکایەتییەوە. ئێمە جێگرەوەی سوپا و پۆلیس نین. قەوارەیەکی سەربازی دیکە لەناو ئەڕابلوسدا هەیە ئەویش "پاسەوانی نیشتیمانی"یە، کە بەپێی بڕیارێکی کۆنگرەی نیشتیمانیی گشتی (پەڕلەمانی پێشوو) پێکهاتووە. ئەم ڕێکخستنەوە بانگەشەی ئەوە دەکاث کە ڕێکخستنێکی سەربازیی ڕوونە و ئەندامەکانی بەهەمان شێوە هەڵگری ژمارەی سەربازیین، لەمەشدا پشث دەبەستن بە دەقی بڕیارێک کە لەلایەن کۆنگرەی نیشتیمانییەوە دەرچووە.

هەوالگریی سەربازیی لیبیا

سەرچاوەیەک لە هەوالگریی سەربازیی لیبیا ڕایگەیاند کە لەگەڵ ئەوەی هیچ سازانێک لەنێوان کیانە سەربازییەکاندا نییە، بەڵام ئوانای کارکردنی لە ناوچەکانی خۆیدا، هەلی جوڵە و

کـردەوەی گروپە سەربازییەکانی کەمکردۆتەوە. لای خۆیەوە ناکۆع ڕایدەگەیەنێت کە ئەوەی دەمانەوێت دابینکردنی ئاسایشە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ناوچەکانی خۆرئاوا و باشوور و سەرناسەری لیبیا. چەرکەسی باس لەوەش دەکات کە گروپە ئەندڕەوەکان هیچ داهاتوویەکیان نییە و نانوانن بەربەرەکانێ لەگەڵ ئێمەدا بکەن و نانوانن ئەو ئالای دەوڵەتە بەرزبکەنەوە کە ئێمە بەرزیدەکەینەوە، ئەوان گروپگەلێکی ڕەنکراوەن. بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵگریی لیبی، چالاکی هێزە سەربازییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات لە چەند مانگی ڕابردوودا، بۆتە مایەی فشار بۆسەر گروپە ئوندڕەوەکان کە ئەندامی عەرەبیش لەخۆدەگرن لە وڵاتانی دراوسێوە، هەربۆیە زۆرێک لە ئەندامەکانیان بەرەو ئەو وڵاتانە هەڵهاتوونەوە کە لێوەی هاتبوون.

چەندیـــن کەس هـــەن دەســـتیان لەگـــەڵ هێزە سەربازییەکان تێکەڵ کردووە کە هەتاوەکو ئێستا وەک دورگەیەکی دابڕاو کاردەکەن، بۆ کۆتایهێنان بەو ململانێ سیاسی و فەوزا ئەمنییەی لە ئارادایە، هەروەهـــا هەوڵگەلێکیش هەن بۆ نزیککردنەوەی مەودای نێوان سەرانی سوپا

باوەڕیش وایە گەڕانەوەی سەدان ئوندڕەوی مەترسیدار بۆ وڵاتەکەی خۆیان، دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕوبەڕووبوونەوەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکانی ئونس و گروپە ئوندڕەوەکان. هێزە ئونسییەکان لە ناوەڕاستی ئەمسااڵدا دووان لە ئوندڕەوەکانیان کوشت لە میانەی ڕوبەڕووبوونەوەیەکدا لە شاری (سیدی بوزید). هەروەک سێ کەسی دیکەش دەستگیرکران کە لە چوارچێوەی ئەو گروپەدا بوون کە پلانیان دانابوو بۆ هێرشێکی چەکداریی لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی 2017دا.

بەپێی هەمان سەرچاوەی لیبی، لای خۆیانەوە هێزە ئەمنییەکانی جەزائیر لەوە دەترسن فشار بۆسەر ئوندڕەوەکانی ناو لیبیا ببێتە مایەی گەڕانەوەی ئوندڕەوە جەزائیرییەکان بۆ وڵاتەکەی خۆیان، لەو دەمـەی وڵاتەکەیان خۆی ئامادە دەکـات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەوپێیەی ناوچەی هەرە لاوازی سەر سنوری نێوان جەزائیر و لیبیا دەکەوێنە هەردوو ناوچەی باشووری خۆرئاوا و ناوەڕاستی خۆرئاوا نزیک شارۆچکەی "غدامس". دوای ئەوەی خەلیفە حەفتەر سەرکەوتوو بوو لە ناوچەی خۆرهەڵات تا سوپای نیشتیمانیی دروستبکاتەوە، ئەمەش دووبارە خوێنی گەڕاندۆتەوە بۆ ناو کایەی سەربازیی لیبیا و هەوڵەکانیان بۆ دووبـارە ڕێکخستنەوەی سوپا. چەرکەسی، کە بوونی خەلیفە حەفتەر ڕەتدەکاتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: هیوامان وایە دوا جار دامەزراوەیەکی سەربازیی بێتە ئاراوە. من بە گوێرەی شەرعیەتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کاردەکەم کە بە شێوەیەکی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە. لای خۆشییەوە (ناکۆع) دەڵێت: هەموو ڕۆژێک پێشوازی لە لاوێکی نوێ دەکەین و دەست بە ڕاهێنان دەکات لەپێناو پاراستنی دامەزراوە لیبییەکاندا، بەبێ هیچ لایەنگیرییەکی سیاسی.

زۆرینەی سەرکردە سەربازییە گەورەکان ڕووبـەڕووی کێشەی دارایی بوونەتەوە کە ئەمەش گرفتێکە لەبەردەم وەفاداربوونیان بۆ سەربازگەکانیان، هەموو ئەمانەش لەناو دۆخێکی ئابووریی گشتییدا کە لیبیا پێدا ئێپەڕدەبێت. عەمید ناکۆع دەڵێت: پاسەوانی سەرۆکایەتی بەشێکە لە دەوڵەت و ئەو دابەشکارییەی لەمڕۆدا ڕووبەداتە لەڕووی ئابوورییەوە لە بەرژەوەندیی لیبییەکان نییە، ئێمەش وەک لایەنێک لەناو دەوڵەتدا کێشە داراییەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەرمان. هەروەها باسی لەوەش کرد کە ئەم بابەتە لەڕاستیدا کاریگەریی لەسەر بازوتەکەمان دەبێت. هیوادارین دابەشکارییە سیاسییەکان کۆتایین بێت، هەتاوەکو هەڵێک بێتە ئاراوە بۆ بونیادنانەوەی یەک تاکە سوپای یەکگرتوو بۆ لیبیا و پاسەوانێکی سەرۆکایەتیی تەواوەتیی بۆ لیبیا، ئەمە جگە لە پۆلیسێکی یەکگرتوو بۆ لیبیا.

سەرچاوە:

گۆڤاری (المجلة)

http://arb.majalla.com/2017/05/article55258730

گەندەڵی بنەماڵەیی لە ماڵیزیا

مافیاکان پێگەیان لە دەسەڵاتدا قایم دەکەن

عەبدولئەمیر رەیح
لە عەرەبییەوە: مانی عەبدوڵڵا

IDEA DIPLOMATIC
شبكة النبأ المعلوماتية

ئابڕووچوون و گەندەڵیە بەردەوامەکانی پەیوەست بە نەجیب عەبدولڕەزاق، سەرۆک وەزیرانی ماڵیزیا و حکومەتەکەی، هێشتا بووەتە جێی گرنگیپێدانی بەربڵاوی کەناڵەکانی میدیا، لە کاتێکدا کە عەبدولڕەزاق هەر لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لە ساڵی 2009دا بەردەوام تۆمەتی گەندەڵی ئاراستەی دەکرێت. هەندێك لە ڕاگەیاندنەکان باسی بارودۆخێکی ناخۆش دەکەن، کە تێی کەوتووە بەهۆی ئەوەی کە ناوی لە چەند دۆسیەیەکی دزینی پارەی سندوقی سیادی گەشەپێدانی ماڵیزیا هاتووە. بەم هۆیەوە وەزارەتی دادی ئەمەریکا چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی نوێی لە دژی سەرۆك وەزیرانی ماڵیزیا پەیڕەو کردووە، بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی ئەو پارانەی کە بە نزیکەی (540) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. دەسەڵاتدارانی ماڵیزیا دەڵێن چەندین پارەداری دەستڕۆیشتوو پەیوەندیدار بە سندوقی داهاتی سیادی ماڵیزیا، کە لەلایەن نەجیب عەبدولڕەزاق دامەزرێنراوە ئەو پارەیان دزیوە، ئەمەش بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئابووری ماڵیزیا دادەنرێت.

پێدانی چەندین بەڵگە بە دادگای ئاوانەکانی ئەمەریکا لە شاری لۆس ئەنجلۆس، بووەتە هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەچوون بۆ وەزارەتی داد لە کەیسێکدا کە ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر دەکات و پەیوەستە بە پلاندانان بۆ سپیکردنەوەی پارەی دزراو لە سندوقی (MDB1) بۆ گەشەپێدان، کە لە ساڵی 2009 بە مەبەستی بەهێزکردنی گەشەپێدانی ماڵیزیا دامەزرێنراوە.

وەزارەتی دادی ئەمەریکا لە سکاڵاکاندا ئاماژەی بەوە کردووە، کە لێپرسراوانی گەورەی سندوقی گەشەپێدانی ماڵیزیا لەگەڵ چەندین کەسی تر کە پەیوەندییان پێیانەوە هەیە، دەستیان بەسەر زیاتر لە 4.5 ملیار دۆلاری ئەو سنوقەدا گرتووە. بڕێکاری داواکاری گشتی ئەمەریکا کینیث بلانکۆ لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "ڕێگە نادەین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببێتە جێمۆڵگەی دانانی پارەو سامانی گەندەڵکاران، ئاوەکو ئەو پارانە لە کەیف و ڕابواردنی خۆیاندا خەرج بکەن، کە پێویستە بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیانی وڵاتەکان بەکاربهێنرێت". لە ڕاستیدا نەجیب عەبدولڕەزاق بردنی پارەی ئەو سندوقە یان هەر داموەدەزگایەکی تر بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسیی ڕەت دەکاتەوە، ئەم هەڵوێستەشی دوای ئەوە دێت کە بەپێی ئەنجامی ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە نزیکەی 700 ملیۆن دۆلار چووەتە سەر حسابێکی بانکی دەوترێت بە ناوی ئەوەوە نۆمار کراوە. حەواڵی داراییەکان یەکەم ئابڕووچوون نییە، کە هەڕەشە لە ئایندەی سیاسی عەبدولڕەزاق دەکات، بەڵکو لە ڕابردووشدا نۆمەتبار کراوە بە وەرگرتنی بەرتیل لە چەند سەودایەکی کڕینی ئامێرو کەلوپەلی سەربازی و دروستکردنی کەیسێکی ئاوانکاری لە دژی ڕکابەرەکانی، کە دیارترینیان (ئەنوەر ئیبراهیم) سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ماڵیزیایە، کە ئێستا بووەتە سەرۆکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن.

دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لە چەند سکاڵایەکی مەدەنیدا، کەسێکی دەوڵەمەندی ماڵیزیان بە ناوی (جۆ لو) نۆمەتبار کردووە بە سپیکردنەوەی زیاتر لە 400 ملیۆن دۆلاری دزراو لە سندوقی گەشەپێدانی ماڵیزیاو دانانی لە ڕێگەی ژمارە حسابیەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

چارەنوسی پارە دزاوەکان

لەم بارەیەوە وەزارەتی دادی ئەمەریکا ڕێکارە یاساییەکانی پەیڕەو کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی ئەو پارانەی کە بەهاکەی بە نزیکەی 540 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، کە دەوترێت لەلایەن ئەو کەسە دەستڕۆیشتوانەوە دزراوە کە پەیوەندییان بە سندوقی گەشەپێدان و سامانی سیادی ماڵیزیاوە هەیە، لە نێوانیشیاندا نابلۆیەکی پیکاسۆ هەیە کە بە دیاری دراوە بە ئەکتەری ئەمەریکی (لیۆناردۆ دی کاپریۆ)، جگە لە مافە پارێزراوەکانی دوو فیلمی ئەمەریکی. لە کوالالامپور ئیدارەی سندوقی (MDB1) ڕایگەیاندووە، کە دامەزراوەکە لایەنێک نییە

ئەنوەر ئیبراهیم - سەرۆک وەزیری پێشوتری مالیزیا

مەهاتیر محەمەد - سەرۆک وەزیری پێشوتری مالیزیا

لەو داوا مەدەنییەی کە لەلایەن وەزارەتی دادی ئەمەریکاوە بەرز کراوەتەوە، بەڵکو هیچ ئاگایی و پەیوەندییەکی پێوە نەکراوە دەربارەی ئەم دۆسیەیە.

لە لایەکی تردە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا هەتا ئێستا بە شێوەیەکی ڕەسمی تۆمەتبار ئاراستەی ملیۆنێری مالیزی (جۆ لو) نەکردووە، کە دەوترێت زیاتر لە 400 ملیۆن دۆلاری دزراوی لە سندوقی گەشەپێدانی سیادی مالیزیا بردووە بۆ ئەمەریکاو لە ڕێگەی ژمارە حسابیەکەوە پارەکە سپی کراوەتەوەو بۆ چەند کەسێکی نزیک لە جۆ لو خەرج کراوە، لە نێوانیشیاندا لیۆناردۆ دی کاپریۆ. دەسەڵاتدارانی مالیزیا ئاشکرایان کردووە کە لە ساڵی 2014دا (جۆ لو) بڕی 3.2 ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی پشکەکانی سندوقی گەشەپێدانی مالیزیا خەرج کردووە بۆ کڕینی یەکێک لە ئابلۆکانی پیکاسۆ کە بە دیاری دراوە بە ئەکتەر دی کاپریۆ، بەڵام هیچ تۆمەتێک ئاراستەی دی کاپریۆ نەکراوە. وتەبێژێک بە ناوی دی کاپریۆ ڕایگەیاند کە ڕێوشوێنی گواستنەوەی مولکدارێتی ئابلۆکەی پیکاسۆ بۆ حکومەتی ئەمەریکی دەستی پێکردووە. وتیشی: "دی کاپریۆ لە مانگی تەموزی 2016 لە پاریس دەستپێشخەری کردووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دیاریانەی کە لە دەوڵەمەندەکان وەری گرتووە، کە پەیوەستن بە دۆسیەی سندوقی گەشەپێدانی مالیزیاوە، دوای ئەوەی کە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی ئەمەریکا وەڵامی ئەو پرۆپاگەندانەیان دایەوە کە لە دژی کەسانێک کراون کە بەشداریان لە سپۆنسەری کردنی فیلمی (زە وۆڵف ئۆف وۆڵ سترێت)ی ئەمەریکیدا کردووە، کە دی کاپریۆ لە ساڵی 2013 ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوەو یەکێکە لەو (3) فیلمەی کە وەزارەتی دادی ئەمەریکا دەڵێت بە دەیان ملیۆن دۆلاری وەرگنووە کە جۆ لو لە ڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی مالیزیاوە وەدەستی خستووە و هەرسێ فیلمەکە بەرهەمی کۆمپانیای (ڕاد گرانێت)ە، کە ڕەزا عەزیز کۆڕی هاوسەری عەبدولڕەزاق دایمەزراندووە.

تێوەگلانی هاوسەری سەرۆك وەزیران

لە پاڵ ئەمەدا بەڵگەنامە قەزاییەکانی وەزارەتی دادی ئەمەریکا لە ڕێگەی داوا مەدەنییەکانەوە دەربانخستووە کە نزیکەی 30 ملیۆن دۆلاری دزراو لە پارەی سندوقی گەشەپێدانی مالیزیا بۆ کڕینی خشڵ و زێڕی ڕۆسما مەنسور هاوسەری نەجیب عەبدولڕەزاق سەرۆک وەزیرانی مالیزیا خەرجکراوە، لەوانە ملوانکەیەکی دانسقەی گرانبەهای هەڵماس کە کێشەکەی (22) قیرانە. ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانەی، کە لەلایەن وەزارەتی دادی ئەمەریکا دراوەتە دادگای لۆس ئەنجلۆس بە ناو باسی عەبدولڕەزاق یان ڕۆسمای هاوسەری نەکردووە، بەڵام ڕایگەیاندووە کە ئەو خشڵ و زێڕانە بۆ هاوسەری لێپرسراوی ژمارە یەکی مالیزیا کڕدراوە.

چەند سەرچاوەیەکی حکومی لە ئەمەریکاو مالیزیا ئاشکرایان کردووە، کە لێپرسراوی (ژمارە یەک) گومانی لێ نییە کە نەجیب عەبدولڕەزاقە. لە ئازەترین بەڵگەنامەی ئایەتْ بە داوایەکی بەرزکراوە لە مانگی تەموزی 2017دا باس لەوە دەکاتْ، کە نرخی ئەو ملوانکە ئەڵماسە بە نەنها 27.3 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە. لە ڕاستیدا ئۆمەتە ئاراستەکراوەکان هەڵوێستی ڕکابەرە سیاسییەکان لە دژی نەجیب عەبدولڕەزاق بەهێزتر دەکاتْ، کە زۆرجار ڕەخنە لە هاوسەرەکەی دەگرن بەهۆی زۆری خەرجییەکانی و ئەو های

لایفیەی کە ئیایدا دەژی، ئەمەش لە کاتێکی ئەنگ و نەهاندایە بۆ سەرۆک وەزیرانی مالیزیا، کە بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرز پێشبینی دەکرێت لەمسااڵدا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەخنە بکات. نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی مالیزیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، کە عەبدولڕەزاق نیگەرانە بە باسکردنی ناوی هەندێک کەسی دیاریکراو بەبێ ئەوەی پێویست بێت و بەڵگەیان لەسەر بێت، بەڵکو بابەتەکە تەنها پەیوەندی بە کەڵکوەرگرتنی سیاسی و دەستێوەردانی ناوخۆییەوە هەیە. خودی سەرۆک وەزیران چەندین جار ڕەتی کردۆتەوە کە هیچ تاوان و سەرپێچیەکی ئەنجام دابێت. وەزارەتی دادی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە هەندێک بەرپرسی باڵای سندوقی گەشەپێدانی

نەجیب عەبدولڕەزاق بردنی پارەی ئەو سندوقە یان هەر دامودەزگایەکی تر بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسیی ڕەت دەکاتەوە، ئەم هەڵوێستەشی دوای ئەوە دێت کە بەپێی ئەنجامی ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە نزیکەی 700 ملیۆن دۆلار چووەتە سەر حسابێکی بانکی دەوترێت بە ناوی ئەوەوە تۆمار کراوە.

مالیزیاو چەندین کەسی سەر بەوان دەستیان بەسەر زیاتر لە 4.5 ملیار دۆلاری ئەو سنوقەدا گرتووە، کە لە ساڵی 2009دا لەلایەن خودی نەجیب عەبدولڕەزاق دامەزرێنراوە بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی گەشەپێدانی ئابوری مالیزیا.

هەڵوێستی مەهاتیر محەمەد

پەیوەست بەم دۆسیەیە، مەهاتیر محەمەد سەرۆک وەزیرانی پێشووتری مالیزیا، کە ئێستا تەمەنی (91) ساڵە) ڕایگەیاند، کە سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پۆستی سەرۆک وەزیرانی مالیزیا بگرێتە دەست، بە مەرجێک ڕێککەوتن نەکرێت لەسەر قبوڵکردنی پاڵێوراوێکی تر لە کاتی سەرکەوتنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا. جێی باسە مەهاتیر محەمەد بۆ ماوەی (22) ساڵی پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەی بە دەستەوە بوو تاکو لە ساڵی 2003 وازی هێنا، بەڵام لەگەڵ تەمەشدا ڕۆڵ و پێگەیەکی گەورەی هەبوو، بەو پێیەی کە سەرۆکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی نەجیب عەبدولڕەزاق.

مەهاتیر محەمەد لە کۆڕبەندی ئابوری کار ڕایگەیاند کە نایەوێت پۆستی سەرۆک وەزیران بگرێتەوە دەست، بەڵام زۆر جار ڕووبەڕوی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە سەبارەت بە ئەگەری وەرگرتنی یان نا. وتیشی لە ئێستادا تاوتوێی سەرکردایەتی کردنی ئۆپۆزسیۆن دەکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، کە بڕیارە لە ناوەڕاستی 2018 ئەنجام بدرێت ئەگەر هەموو حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەو وادەیە ڕازی بن.

مەهاتیر وتیشی: "ئەگەر بە کردار هیچ پاڵێوراوێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران نەبێت لە کاتی بردنەوەی ئۆپۆزسیۆن لەوانەیە هەوڵ بدەم بۆ ماوەیەکی کورت پۆستەکە وەربگرم، بەڵام بەو مەرجەی هەمووان بەمە ڕازی بن". پێویستە بووترێت، کە مەهاتیر محەمەد بۆ دڕێژترین ماوە سەرۆک وەزیرانی مالیزیا بووەو لە دەسەڵاتدا ناوبانگی بە کەسێکی دەستپاک و دوور لە گەندەڵی دەرکردووە و بواری بە نەیارەکانی نەداوە، کە بانگەشەیان بۆ بەها لیبراڵییەکان دەکرد تاکو گورز لە پێگەو ناوبانگی بدەن. مەهاتیر محەمەد دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو بەهۆی چەند کێشەیەکی پەیوەست بە گەندەڵی لە حزبی ڕێکخراوی نیشتمانی یەکگرتووی مالایۆی دەسەڵاتدار کشایەوە، حزبێکی نوێی دامەزراندو چووە پاڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە ئامانجی لادانی نەجیب عەبدوالڕەزاق لە دەسەڵات. بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرز، هەڵبژاردنی گشتی مالیزیا لەم ساڵدا ئەنجام درا لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ڕێگە لە حزبەکەی مەهاتیر بگیرێت تاکو نەتوانێت پێگەیەکی باش بۆ خۆی بگرێت لەسەر حسابی نەتەوەییەکانی مالایۆ، کە ناوەندی سەرەکی دەنگدەرانی نەجیب عەبدولڕەزاق پێکدەهێنن.

سەرچاوە:

ئۆڕی (النبا المعلومانیە)

http://annabaa.org/arabic/anticorruption/11588

درێژەکێشانی ململانێکان و قەیرانی ئاسایشی خۆراك لە عێراق

حسێن ئەحمەد ئەلسەرحان*
لە عەرەبییەوە: ئەدیب کەریم
IDEA DIPLOMATIC

بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکان و سەرکردایەتیە هۆشیارو ژیرەکانی دەوڵەتانی جیهان هەمیشە کاردەکەن لە پێناو خۆلادان لە شەڕو ناکۆکی و مللانێکانی ناوخۆ، ئەوەش لە ڕێگەی بانگەشەکردنی بۆ دروستکردنی کەشوهەوای پێکەوەژیان و تەبایی و بەرجەستەکردنی بەهاکانی ژیانی ئاسودە، نەك بە سەربازیکردنی کۆمەڵگەو کارکردن لە پشتی چەند ویست و ئەجێندایەکی سیاسی ناوەکی و دەرەکی، کە دەیانەوێت خاکی گەلانی تر بکەنە گۆڕەپانی شەڕو ناحەزییەکانیان و گەنجەکانی بکەنە سوتەمەنی سەپاندنی پێگەو هەژموونیان.

کێشەو مللانێ ناوخۆییەکان و بەرپاکردنی شەڕو پێکدادانەکان کاریگەری نەرێنی دوورمەودایان هەیە لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سەرجەم بوارەکانی ژیرش، لەبەر ئەوە ئەو وڵاتانەی لەناو جەرگەی مللانێ و وێرانکاریدا دەژین بەردەوام ئووشی ماڵوێرانی و داڕووخان دەبن، ئەمە جگە لە کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر خێزان و ئاک و کۆمەڵگەو بێوەژنکردن و هەتیوکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و منداڵان. هێشتا عێراق باجی شەڕی عێراق - ئێران و پەلاماردانی کوێت و چەندین هەڵەی تر دەدات، ئاکو ئێستاش مللانێکان درێژەیان هەیە بە هۆکاری جیاجیا، لەگەڵئەوەی کە بووە جێمۆڵگەی ئاقم و گروپە ئیرۆریستییەکان، بەڵام لە دوای قۆناغی ئیرۆر پێویستە هۆشیاری کۆمەڵگەی عێراق جێگەی شەڕو مللانێکان بگرێتەوەو زمانی دیالۆگ و گفتوگۆو ئاشتی دەست و پەنجە لەگەڵ کۆی پرس و کێشەکانی عێراقدا نەرم بکات. لە مانگی ئاداری 2017دا ڕاپۆرتی جیهانی سەبارەت بە قەیرانەکانی خۆراک لەلایەن پرۆگرامی خۆراکی جیهانییەوە دەرچووە. ئەو ڕاپۆرتە ئیشکی خستۆتە سەر کاریگەرییە خراپ و وێرانکەرەکانی ناکۆکی و مللانێکان لەسەر ئاسایشی خۆراک لە هەر وڵاتێکدا، جگە لەوەی کە نەبوونی ئاسایشی خۆراک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و دەوڵەت دروست دەکات.

ئەو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیە باسی چەندین پرس و بابەتی گرنگی کردووە، لەوانە کاریگەرییە خراپەکانی مللانێکانی ناوخۆ لەسەر ئاسایشی خۆراک و خۆراکپێدان و کشتوکاڵ و بژێوی خەڵک، ئەمەش دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرەو لەسەر ئاستی جیهانی هەستی پێدەکرێت و پەل دەکێشێت بۆ دروستبوونی هەژاری و برسێتی و کۆسپ و تەگەرەش لەبەردەم حکومەتەکان و ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکان دروست دەکات. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی دەستی مللانێکاندا نەبوونی دەرفەتی نەواو بۆ بەدەستهێنانی خۆراکی پێویست، شانبەشانی لاوازی گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، لە هەندێک حاڵەتیشدا بەدەست نەهێنانی ئاوی پاک، هەمووی زیان و کاریگەری زۆری لەسەر خۆراکپێدان و ئاسایشی خۆراک هەیە، بە تایبەتیش بۆ چین و تۆژە لاوازەکان وەک منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ و ژنانی دووگیان و شیرەخۆرەکان.

ڕاپۆرتەکە شیکردنەوەیەکی قوواڵی لەسەر ئاسایشی خۆراک لە (11) وڵاتدا کردووە، کە کێشەی ئاسایشی خۆراکیان هەیەو مللانێکان تەنگی پێ هەڵچنیون، حەوت لەو وڵاتانی لە کیشوەری ئەفەریقیاو چوار وڵاتیش لە ئاسیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، کە بە چوار وڵاتە ناسەقامگیرو پڕ مللانێ ناسراون (ئەفغانستان، سوریان عێراق، یەمەن). لە لایەکی ترەوە ڕاپۆرتەکە کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی شەڕو مللانێکانی لەسەر وڵاتانی دراوسێ و کاریگەرییە هەرێمییەکانی ڕوماڵ کردووە، کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو کەسانەی، کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراکەوە دەنااڵێنن. تایبەت بە عێراق، ڕاپۆرتەکە ڕوانینی بۆ ئاسایشی خۆراک لەو وڵاتەدا بەردیدە کردووە و باسی کردووە کە دانیشتوانی عێراق بەپێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە (37.548.000) کەس مەزەندە

ئاساییشی خۆراک لە عراق لە ژێر هەڕەشەدایە

کراوە و ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ بە (3.000.000)کەس مەزەندە دەکرێت، هەروەها ژمارەی پەنابەرە گەڕاوەکان بۆ عێراق (1200000) کەسە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی پەنابەرانی سوریا لە عێراق (228.894) کەسە.

عێراق لە دوای ساڵی 2014 وە ڕووبەڕوی قەیرانێکی مرۆیی ئاڵۆز بۆتەوە بەهۆی شەڕو ململانێکانی نێوان گروپە ئیرۆریستییەکان و هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە. ئەم ململانێیانەی عێراق زیاتر لە (3) ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی بە دوای خۆیدا هێناوە، وایکردووە کە زیاتر لە (10) ملیۆن کەس پێویستیان بە یارمەتی و هاوکاری مرۆیی ببێت، بە ئایبەتی پێویستیە سەرەکییەکانی ژیان. لە کاتێکدا کە کۆمەک و هاوکارییەکانی نۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی عێراق کەمبۆتەوە، جگە لەوەش ئاستی خزمەتگوزارییەکان بوارەکانی چاودێری تەندروستی، فریاکەوتن، پەروەردە و فێرکردن، ئاوو ئاوەڕۆ خراپ بووە، بە ئایبەتی لە دوای کەمکردنەوەی قەبارەی خەرجیە گشتییەکان لەسەر بودجەی گشتی وڵات بە ئایبەتی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو. دینامیکیا گۆڕاوە خێراکان لە عێراقدا لە ئاستێ ترسی ئاسایشی خۆراک، کە سەرناسەری وڵاتەکەی گرتۆتەوە کاردانەوەی نەرێنی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی عێراقی لێ کەوتۆتەوە. پێشبینی دەکرێت کە 2.4 ملیۆن کەس لە عێراق بەدەستێ لەدەستدانی ئاسایشی خۆراکەوە گیرۆدە بوون، لەوانە 1.5 ملیۆن بەدەستێ هەژاری و نەمانی ئاسایشی خۆراکەوە دەناڵێنن. بە گوێرەی سیستمی چاودێری سەر بە پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، نەمانی ئاسایشی خۆراک لەو ناوچانەدا، کە ململانێ و ڕاگواستنی خەڵک بەخۆوە دەبینن لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. دیارترین نوێژە لاوازەکانی کە کەوتوونەتە بە هەڕەشەی نەبوونی ئاسایشی خۆراک بریتین لە خێزانە هەژارەو کاسبکارەکان و ئاوارەکانی ناوخۆ لەو ناوچانەی ململانێی گەرمییان نێدایە، لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان گەڕاونەتەوە.

لە ساڵی 2016دا پارێزگای ئەنبار (بە ئایبەتی ناوچەکانی فەللوجەو هیت)، پارێزگای سەلاحەدین، پارێزگای نەینەوا (شاری موسڵ)، کە زۆرترین ژمارەی خێزانەکانیان نێدایە،

بەڵام ڕێژەی خۆراکی کەمنرییان نیادا بەکارهاتووە، چونکە خێزانەکان لە ناچاریدا پەنایان بـردووە بۆ سنرانیژی خۆگونجاندنی نەرێنی لە ڕووی بژێوییەوە. داناو ئاماژەکانی ئایبەث بە سیستمی چاودێری لە پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، کە لە نشرینی دووەمی ساڵی 2016 وانە لە دوای مانگێک لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردن، ڕووماڵی شاری موسڵی کـردووە، ڕوونـی دەکـاتـەوە کە ڕێـژەی 27%ی دانیشتوان بەدەست کەمی خۆراکی بەکارهێنراو نااندوویانە. ئەم ڕێژەیە لە نێوان ئەو دانیشتوانەدا بەرز بوو، کە لە ناوچەکانی خۆیاندا مابوونەوە نەک خێزانە ئاوارەکان، هۆکارەکەش پێدەچێت بگەڕێنەوە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی

ڕاپۆرتەکە باسـی کردووە کە دانیشـتوانی عێراق بەپێی نەتـەوە یەکگرتوەکان بە (37.548.000) کـەس مەزەندە کراوە و ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆ بـە (3.000.000)کـەس مەزەنـدە دەکرێـت، هەروەهـا ژمارەی پەنابەرە گـەڕاوەکان بۆ عێراق (1200000) کەسە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی پەنابەرانی سوریا لە عێراق (228.894) کەسە

ناوخۆ. بە گشتی جۆرو کوالیتی سیستمی دابەشکردنی گشتی خۆراک بەس نەبیە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی دانیشتوان، سەرەڕای دواکەوتن و پێنەدانی بەشە خۆراکی نەواوو خراپی جۆری خۆراکەکان. لە ساڵی 2016دا هەڵسەنگاندنە خێراکانی ئایبەث بە سیستمی خۆراکی منداڵە ئاوارەکانی خوار نەمەنی پێنج ساڵ لە ئاستێکی نزمدا بووە بەهۆی خراپی خۆراکپێدان بەپێی ئەو پۆلێنەی کە ڕێکخراوی نەندروستی جیهانی داناوە، کە ئەنجامەکەی لاوازبـوون و دابەزینی کێشی منداڵەکانی لێ کەوتۆتەوە. لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ لە مانگی نشرینی دووەمی 2016، چەندین منداڵ کە بەدەست بەدخۆراکیەوە گیرۆدە بوون و بۆ ماوەی چەندین مانگ نەخۆش کەوتن، پاشان نەیاننوانیوە خواردن بخۆن.

هێشتا بـازاڕەکـان سەرچاوەی سەرەکین بۆ دابینکردنی خۆراکی خێزانەکان، سەرەڕای کەمی خۆراک کێشەو ململانێ هەڵگشاوەکانی عێراق بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی خۆراک و سوتەمەنی، ئەمەش زیانی زۆری بە پیشەکانی ناو بازاڕ گەیاندووە لە پاڵ بەردەوامبوونی بەرزبوونەوەی نرخەکان لە بازاڕەکانی ناوخۆدا، ئەمەش گەیشتنی خۆراکی بۆ چین و تۆێژە لاوازەکـان سنوردار کردووە. پرۆگرامی خۆراکی جیهانی ڕاشیگەیاندووە، ئەو ناوچانەی گەیشتن پێیان قورسەو گەمارۆدراون بەرزترین نرخی خۆراکیان لە بازاڕەکاندا تۆمار کردووە، لە ئەنجامی ئەمەشدا هێزی کڕین لەلایەن ئەو کەسانەی لە ناوچە گەرمەکان دەژین بە ڕێژەی 17% کەمتر بە راورد لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە ئارامەکان لە کۆی ناوچەکانی تری عێراق. لە ئەنجامی ئەو سیستمی چاودێریکردنەدا، کە پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لە نشرینی یەکەمی ساڵی 2016 ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کە شێوازە بازرگانییە قەدەغەکراوەکان کۆسپی سەرەکین لەبەردەم پیشەو کارەکانی بازاڕو جووڵەی شمەک و کاڵاکاندا. سروشتی ماوە درێژەی ناکۆکی و ململانێکانی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بووەتە هۆکاری لاوازکردنی تواناى خێزانە ئاوارەکان و کەمبوونەوەی خۆڕاگریان، چونکە ئەو خێزانانە بە زۆری پشتیان بەستووە بە کۆمەک و یارمەتییەکان و چاوییان لە بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانە لە ڕێگەی هاوکارییە مرۆییەکانەوە ئەوەش بەهۆی لەدەستدانی شوێن و داهات و تواناکانیان.

* تۆێژەر لە سەنتەری فوراث بۆ گەشەپێدان و تۆێژینەوەی سنرانیژی.

سـەرچاوە:

نۆڕی (النبا المعلوماتیە)
http://annabaa.org/arabic/authorsarticles/11799

داهاتوی ڕەقە
دوای داعش نارووونە

ڤلادیمێر ڤان ویلگنبیرگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هۆشمەند عەنا
IDEA DIPLOMATIC

لەکاتێکـــدا خەلافەتەکەی داعش، لەبەردەم پێشـــڕەوییە خێراکانی ئەو هێزانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشـــتیوانییان لێدەکات لە هەڵوەشـــانەوەدایە، هێزەکانی ســـوریای دیموکرات پلانێکیان داناوە بـــۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی خۆجێیی لە دوای داعش. بەڵام هێشـــتا بەبێ پشتگیریی دارایی، لەوانەیە شارەکە پشت بە حکومەتی ناوەندی ببەستێت بۆ گەڕانەوەی خزمەتگوزاریەکان.

جەنـــگ بـــۆ وەدەرنانی ئەوەی کە پێـــی دەگوترێت دەوڵەتی ئیســـلامی لە باکوری سوریا بەباشی بەڕێوەدەچێت، پرسی لەئەســـتۆگرتنی ئەرکە قورسەکە، کە بریتییە لە گەڕانەوەی یاســـا و خزمەتگوزارییە گشـــتییەکان لەدوای سالانێك لە دەسەڵاتی چەکدارەکان، لە ئێستادا خێراتر بووە.

هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرێن، پێکهاتوون لە هاوپەیمانییەکی چەکداریی کوردی و عەرەبی، سەرەڕای ئەو هەڵمەتەن کە لە دژی داعش لە ڕەقە بەڕێوەدەچێت، هەر لە سەرەتاوە پلانیان هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی خۆجێی شارە گەمارۆدراوەکە لە باکوری سوریا. هەرچەندە ئەوە بە ناڕوونیی ماوەتەوە کە ئایا کێ لایەنی دارایی ئیدارەی ڕەقە لەئەستۆدەگرێت، یان کێ خزمونگوزاریە سەرەتاییەکان و موچەی فەرمانبەران دابیندەکات.

سەرەڕای ئەوەی کە پابەندیە چەکداریەکانی لە هەڵمەت دژی داعش هیچ پرسیارێک هەڵناگرێت، ئیدارەی سەرۆک (دۆنالد ترەمپ) هیچ نیازێکی دەرنەبڕیوە بۆ پشتگیریکردن لە هێزە ناوخۆییەکان لە ڕەقە دوای دەرکردنی گروپە میلیشیایەکە. هەندێک لە شیکەرەوان پێیان وایە کە نەبوونی پلان و ناڕوونیی سەرچاوەی دەرامەتەکان پاڵ بە ڕەقەوە دەنێت کە بکەوێتەوە دەست حکومەتی سوریا.

بە بڕوای شیکەرەوەی کاروباری بەرگری نۆبیاس شنایدەر "هەرکەسێک بەرپرسیاریەتی کۆنایی داعش هەڵبگرێت لە ڕەقە، ناچار دەبێت پشت بە حکومەتی سوریا ببەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە خزمەتگوزاریەکان و حوکمڕانی شارەکە، بەبێ گوێدان بە ستراتیژیەتی ئەمریکا".

"لێرە هیچ جێگایەك نییە بۆ ڕژێمی سوریا"

شاری ڕەقە کە شارێکی دوورەدەستی دەوڵەمەند بە نەوتە، دانیشتوانەکەی بەر لە جەنگی ناوخۆیی سوریا نزیکەی 220 هەزار کەس بووە، لە 2014وە بووەتە مەڵبەندی حوکمڕانیی خۆبەخۆی داعش. هەڵکەوتووە لە کەرتی باکوری ڕوباری فوراتە، وەک بنکەیەکی گرنگ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە بۆ بازرگانی، قاچاغچیەتی و جوڵەی جەنگاوەرە بێگانەکان.

(هەسەدە) ڕایگەیاندووە کە ئەنجومەنێکی مەدەنی دروستکردوە بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە لە مانگی چوارەوە و دوو هاوسەرۆکیان بۆ دیاریکردوە، کە یەکێکیان عەرەبە و ئەوی تر کوردە، لەگەڵ دامەزراندنی 14 لیژنە. پێشبینی دەکرێت ئەنجومەنی سەربازییش بەدوایدا دروستبکرێت، هاوشێوەی ئەو ئەنجومەنەی کە لە مەنبەج دروستکرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ئیدارییەکان، کە هەسەدە ساڵی ڕابردوو لە دەستی داعشی دەرهێنا.

هەرچەندە پێشهاتەکانی مەنبەج هەندێک مەترسی لێکەوتەوە. دوای نزیکەی حەوت مانگ لە ڕزگارکردنی مەنبەج لە دەستی داعش، هێزە کوردییەکان چەند گوندێکی دەوروبەریان ڕادەست هێزەکانی ڕژێم و سوپای ڕوسیا کرد، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی تورکیا و هێزە یاخیبووەکانی هاوپەیمانی. ئەمە ئەو پرسیارە ئاڕاستە دەکات کە ئایا ئەگەر هەسەدە لەدوای داعش لە ڕەقە کرایە دەرەوە هەمان کار دوبارە ناکاتەوە.

سەرباری ئەوەش (ناسر حاجی مەنسور) ڕاوێژکاری هەسەدە ڕەتیکردەوە کە هیچ دانوستانێکی ژێربەژێریان هەبێت لەگەڵ

هێزەکانی سوریای دێموکرات لە ڕەقە

حکومەتی سوریادا. ئەو ڕایگەیاند کە "ئەنجومەنی شاری ڕەقە لە ئێستادا بونیادەنرێنەوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەموو کۆمەڵانی خەڵک لە شارەکە، ڕژێمی سوریا هیچ جێگایەکی لە شارەکەدا نیە".

ناوبراو لەو بارەیەوە زیاتر دوا و گوتی "ڕەقە ڕادەستی ئەنجومەنێکی مەدەنی دەکرێت کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بکات (گروپە ئایینیی و نەتەوەییەکان) لە شارەکەدا، ئەوانەی کە دەستیان سوور نەبێت بە خوێنی ئەم خەڵکەوە".

(لەیلا محەمەد) هاوسەرۆکی ئەنجەمەنی مەدەنی ڕەقە، بەهەمانشێوە ڕەتیکردەوە کە ئەگەری دەستهەڵگرتن لە شارەکە بۆ لایەنگرانی ئەسەد لەئارادا بێت. گوتیشی "ئەنجومەنەکەمان پێکهاتووە لە خەڵکی ڕەقە بە هەموو ڕەگەزە جیاوازەکانەوە، هەموو باوەڕیان بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و لەناوبردنی هەموو شێوازێکی پەراوێزخستن و وەلانان هەیە، هەروەها باوەڕیان بە بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی، فرەیی و ناسەنتەری (لامرکزي) هەیە". بە گوتەی ئەو ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕژێمەوە نییە و ڕەتی کردوە کە پەیوەندیشیان لەگەڵیدا هەبێت.

حوکمڕانیی خۆجێیەتی لە واقیعدا قورسە

لەکاتێکدا بەڕپرسە ناوخۆییەکان ئەگەری کارکردن لەگەڵ ئەسەد ڕەتدەکەنەوە، بەڵام سروشتی مەرکەزیەتی دەوڵەتی سوریا، وەها دەکات کە قورسبێت بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی کە ئیدارەی خزمەتگوزاریەکان و دابینکردنی موچەی فەرمانبەران بکات، بەلایەنی کەمەوە بەبێ دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ حکومەت. بە بڕوای (غازی ساری) نوسەری ڕاپۆرتی حکومڕانی خۆسەری کورد لە سوریا لە دامەزراوەی چاتام هاوس وتوێژی نێوان هەسەدە و ئەسەد لەکاتی خۆی دواکەوتووە دەبوو زوتر بڤکرایە.

لە ڕاسئیدا لەماوەی قەیرانی سوریادا ڕژێم بـەردەوام بوو بۆ دابینکردنی چەند خزمەنگوزارییەک بۆ شارەکە، ئەنانەث لەدوای دەسئبەسەراگرئنی شارەکە لەلایەن داعشەوە. بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرئێکی گۆڤاری ئایم، بەڕێوەبەرانی هەردوو مۆبایلی سەرەکی ولّاث لە ڕەقە کاریانکردووە ئا 2015، کۆمپانیاکان ئەندازیار و سئافی چاککەرەوەیان دەنارد بۆ چاککردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەر ئاوەرەکان دەکەوئن ئەنانەث لە ماوەی حوکمڕانی داعشیش.

لە لایەکی ئرەوە (نیکۆلّاس هیراس) شیکەرەوە لە سەننەری ئاسایشی نوێی ئەمریکا، باسی لەوەکرد کە ئەنجومەنی مەدەنی ڕەقە دەئوانێث شارەکە بەڕێوەبەرێث بەبێ حکومەئی سوریا، ئەوەش بە بەکارهێنانی هاوکارییە لۆجیسئیەکانی هاوپەیمانی نێودەولّەئی بۆ شەڕی داعش بە سەرپەرشئی ئەمریکا بۆ هەسەدە، بە مەبەسئی دابینکردنی ئاسایش و پێکهانەیەکی خزمەنگوزاری و بەڕێوەبردن کە بنوانێث دۆخێک دروسئبکاث کە فیدرالّیەئی هەرێمی ڕەقە بێنێنە ئاراوە، وەک هەرێمی فیدرالّی باکوری ڕۆژهەلّاث، کە لەلایەن هەسەدەوە بەڕێوەدەچێث.

ئەمە ئەگەرێکی دوور نیە. بە درێـژایـی ساڵی ڕابـردوو واشینگنۆن پابەندی بێقەید و شەرئی ناردنی پالّپشئییەکانی بووە بۆ هەسەدە، بە دابینکردنی ڕاهێنانی سەربازی، چاودێریی ئاسمانیی و یارمەنییە بەردەوامەکانی لە چەک و کەرەسئەی سەربازی بۆ پشنگیریکردنی کەمپەینەکە و وەدەرنانی داعش بۆ دەرەوەی ڕەقە. ئەمریکا پێشئر پشنگیریی بیرۆکەی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی کردووە و ڕاهێنانی بە سەدان کەس لە سەربازی نوێ کردووە بۆ هێزی پۆلیسی ڕەقە.

هەرچەندە واشینگنۆن ڕایگەیاندوە کە ئەوان پەیامی بونیادنانی دەوڵەنیان نییە، کە لە ڕابردوودا هەیانبووە هاوشان لەگەڵ ئۆپراسیۆنەکانی دژی ئیرۆردا. (بڕێث مەکگۆرک) نێردەی ئایبەئی سەرۆکایەئی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانیی دژی داعش بە سەرپەرشئیی ئەمریکا مانگی ڕابـردوو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنـامـەنـوسـیـدا ڕایـگـەیـانـد "دەربـــارەی بـەڕێـوەبـردنـی خزمەنگوزاریەکان، مامۆسئایان، نەخۆشخانەکان، دابینکردنی موچەی فەرمانبەران، ئەوە شنگەلێکن دەبێث سورییەکان خۆیان بەدوایدا بچن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئێمە لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەنداِ نین".

"بژاردەی قورس" لەبەردەمدان

لە لایەکی ئرەوە شنایدەر ونی کە نابەدڵیی واشینگنۆن بۆ ئەم پابەندییە کراوەیە لەگەڵ هەسەدە، پاڵ بە هەندێک بژاردەی قورسەوە دەنێث بۆ ئیدارەی ئەمریکا، لەوانە: دەسنهەڵگرئن لە هەسەدە دەبێنە هۆی سەرهەڵدانی مەئرسیی گەڕانەوەی بەهێزی ڕژێمەکەی ئەسەد، یان یارمەنیدانی حکومەئی خۆجێیی شارەکە بۆ ئەوەی بنوانن لەسەر خاکی خۆیان بوەسئن و بەرگریی لە زۆنی هەژمونی ئەمریکا بکەن لە دژی ڕژێم یان دەسنوەردانی ئێران.

ئەم بڕیارە زۆر پێویسنە دوای ئـەوەی لە مـاوەی مانگی ڕابـردودا ناکۆکییەکان پەرەیانسەند لەنێوان ئەو هێزانەی ئەمریکا پشنگیرییان دەکاث لەگەڵ هێزەکانی ڕژیمی سوریا، کە پاڵیان بە داعشەوە دەنا لە پارێزگای ڕەقە بە دووری 55 کیلۆمەئر لە شارەکەوە بەریەککەوئن. لەو کانەدا ئەمریکا فڕۆکەیەکی جەنگی سوریای خسنە خوارەوە لە نزیک هێزەکانی هەسەدە لە باشوری ئەبقە، زیاد لەوەش گوئراوە کە هێزەکانی ڕژێم پەلاماری هەسەدەیان داوە لە شارۆچکەی جادین لە باشوری ئەبقە. لە کانێکدا ولّانە یەکگرئوەکان بەو ئاڕاسئەیەدا کارناکاث کە ئەسەد دەسنی بگانەوە بە هەموو سوریا، بەڵام کاربەدەسئێکی فەرمیی ئەمریکی پێیڕاگەیاندین بەو مەرجەی کە ناوی نەهێنرێث کە لە بەرژەوەندی ڕەقەدا دەبێث ئەگەر ئەگەر ڕێگەبدرێث دیمەشق هەندێک ڕۆڵی لە شارەکەدا هەبێث.

ونیشی "پێم وانیە هیچ کەسێکی هۆشمەند بڵێث کە ئەوە لە بەرژەوەندیی داهانوی سوریادا نییە کە داموەدزگا فەرمییەکان پێکەوە ببەسنرێن لە سەرناسەری ولّانداِ"، ڕوونیشی کردەوە کە وەزارەنی دارایی دەنوانێث موچە فەراهەمبکاث، پێداویسنییە بنەڕەنییەکانی وەک ئاو، کارەبا و ئەلەفۆن و موبایل بگەڕێنێنەوە.

بە بۆچوونی ئەو "ئەوانەی کە خزمەنگوزارییە خۆجێیەکان دابیندەکەن کە لە غیابی دەوڵەنی سوریادا سەریان هەڵداوە دەکرێث ببەسنرێنەوە دووبارە بە دەوڵەنی سوریاوە بۆ ئەوەی بنوانرێث سود لە سەرمایە و ئەزمونی کەسەکان وەربگیرێث". ئەو کاربەدەسنە ونیشی کە "داهانوی سوریا بۆ هاووڵانیانی سوریایە کە بڕیاربدەن، دەکرێث ئەوە لە ڕێگەی گفنوگۆکان لە جنێفەوە بکرێث... بەڵام ئێمە گۆڕانی ڕژیم لە سەرەوە بۆ خوارەوە ناسەپێنین".

سەرچاوە:

newsdeeply. com

تۆندڕەوی
لەناو زیندانەکانی بەریتانیادا

یاسمین ئەلجریسی
لە عەرەبییەوە: دلۆڤان سەلاح
IDEA DIPLOMATIC

موسوڵمانە تازە هاتووەکان بۆ بەریتانیا ڕێژەی کەمتر لە 4٪ی موسوڵمانانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، بەڵام لە هەمانکاتدا نوێنەرایەتی ڕێژەی 12٪ی ئەو جیهادییانە دەکەن، کە لە ناوخۆدا سەریانهەڵداوە. بەپێی پلانەکانی حکومەتی بەریتانیا، بڕیارە تونددڕەوە ئیسلامییە زۆر مەترسیدارەکان، کە بوونەتە (کاریزما)و خۆیان وەکو (ئەمیر) دەناسێنن لە زیندانە گشتییەکانەوە دەگوازرێنەوە لە چەند یەکەیەکی تایبەتی پارێزراو لە ئاستێکی بەرزدا نیشتەجێ دەکرێن، کە وەک زیندان وایە لەناو زیندانداً. وردەکاری و ئاراستەکان لە ئێستادا هێما دەکەن کە حکومەتی لەندەن مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ هەزاران لەو تیرۆریستانەدا دەکات، کە گومانلێکراون، بە تایبەتی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو زیندانییانەی کە تۆمەتی پەیوەندیدار بە تیرۆرو تونددڕەوییان ئاراستە کراوە، کە پێشبینی دەکرێت بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت.

ئەو مەترسییانەی کە هەیە لە ئیرۆریستەکەی ویستمنستەر (خالید مەسعود)ی تەمەن 52 ساڵ، کە پێشتر ئیسلام نەبووەو بووەتە ئیسلام (5) کەس کوشتووە و (50)ی تریشی بریندار کردووە لە ئەنجامی پەلامارێک بۆسەر پردی ویستمینستەر لە لەندەنی پایتەخت. مەسعود لە ماو ماوەیەدا کە لە زیندانەکانی بەریتانیا بەسەری بردووە بیری تونددڕەوی وەرگرتووە، کە بووەتە هۆی فۆکسدانان و گرنگیدان لەسەر نیگەرانییەکان کۆن سەبارەت بە گۆڕانی زیندانەکانی بەریتانیا بۆ زەمینێکی بەپیت بۆ گەشەکردنی تونددڕەوی. خالید مەسعود تازانباریکی ڕاهێنراوە، کە چەند جارێک سزای زیندانی کردنی بۆ دەرچووە بەهۆی ئەنجامدانی چەندین تاوانی جۆراوجۆری وەک ئەشکەنجەدانی جەستەیی خەڵک و دەستدرێژی کردن و هەڵگرتنی چەک، کە بە گشتی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هەرزەکاری و لاوێتی. مارک تاشداون بۆ ڕۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی وتویەتی: "کاتێک خالید مەسعود یەکەمجار دەرچوو پێیوتم کە لەناو زیندان بووەتە ئیسلام، بەڵام پێموابوو گاڵتە دەکات، پاشان بینیم زۆر هێمن و لەسەرخۆو جیدیترە".

کەسایەتی ئیسلامی ڕادیکال (ئەبو قەتادە)، کە حکومەتی بەریتانیا زیاتر لە 10 ساڵ کاری کرد بۆ دەرکردنی لەسەر خاکەکەی، لە کاتێکدا پێی دەوترا "باڵیۆزی ئوسامە بن لادن بۆ ئەوروپا"، باسی ئەوە دەکات کە لەناو زیندانەکانی بەریتانیادا "ئایەتەکانی خودا"ی بینیوە. ئەو پێی وانییە زیندانەکان و گرتووخانەکان شوێنی بەپیت و گونجاو بن بۆ سەرهەڵدانی تونددڕەوی و ئامادەکردنی تونددڕەوە ئیسلامییەکان، یان هەر جۆرێکی تری تونددڕەوی سیاسی بە چەمکێکی تازە.

بە درێژایی مێژوو نموونەی هاوشێوە دووبارە بۆتەوە، لە ئەوروپاش لەناو لایەنگران و هەواداراني داعش دووبارە بۆتەوە، لە نێوانیشیاندا ئەو تیرۆریستانەی، کە لەپشت ئەنجامدانی هێرشەکانی برۆکسل و پاریس دەستیان هەبوو. ئەم ئاراستەیە پاڵپشتی ئەو بەڵگانە دەکات، کە پرۆگرامی نوێژینەوەکانی بەگژداچوونەوەی تیرۆرو تونددڕەوی لە ڕێگەی زیاتر لە (100) نوێژینەوە دەربارەی ڕەوش و دۆخی تیرۆریستان و "گورگە تەنهاکان" کۆیکردوونەتەوە. نوێترین داتاو ئامارە فەرمییەکان ئاشکرای دەکەن، کە تاکو 31ی ئاداری 2017، زیاتر لە (186) کەسی دەستگیرکراو لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیای گەورە بەهۆی تاوانی پەیوەست بە تاوانەکانی تیرۆرو کاری تونددڕەوی ناوخۆیی بە ڕێگەی تاکەکەس بووە، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی 15% زیادی کردووە. ڕاپۆرتی سەنتەری نوێژینەوەی نێودەوڵەتی لەسەر تونددڕەوی و تونددێژی سیاسی، کە سەنتەرێکی نوێژینەوەی گرنگە لە بەریتانیاو لە ساڵی 2011وە پشکنینی بۆ چەندین دۆسیەی تایبەت بە جیهادییەکانی ئەوروپا کردووە دەڵێت: زیندانەکانی بوونەتە سەرچاوەی دروستبوون و ئامادەکردنی "گەنجانی تووڕە" لەوانەی کە ئامادەن بۆ ئەنجامدانی تونددڕەوی و خۆبەسەرباز کردن.

بیری توندرەوی لەناو زیندانەکانی بەریتانیا گەشە دەکات

موسوڵمانە تازە هاتووەکان هەستدەکەن بوونەتە قوربانی

ژمارەی زیندانیە موسوڵمانەکان لە بەرێنانیا بە درێژایی 14 ساڵی ڕابردوو زیاتر لە دوو ئەوەندە زیادیکردووە. بۆ نموونە لە ساڵی 2002دا (5502) موسوڵمان لەناو زیندانەکانی بەرێنانیا هەبوون، بەڵام لە ساڵی 2016دا ئەو ژمارەیە بۆ (12663) موسوڵمان زیادیکردووە و ژمارەیان بە 15%ی کۆی ژمارەی زیندانییەکان مەزەندە دەکرێت و ڕێژەی 5.4% لە کۆی دانیشتوانی بەرێنانیا پێکدەهێنن. هەروەها ئەم داتا و ئامارانە پشتڕاستی دەکەنەوە کە نوێنەرایەتیەکی زیاتری موسوڵمانەکان لەناو سیستمی دادوەریی تاوانکاریی بەرێنانیا هەیە، کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ پەیامی تونددڕەوەکان و نیشاندانی موسوڵمانەکان وەک قوربانی. بەپێی ڕاپۆرتێک دەربارەی تونددڕەوی ئیسلامی لەناو زیندانەکاندا، کە وەزارەتی دادی بەرێنانیا ئامادەی کردووەو لە مانگی ئابی 2016دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت بانگخوازە تونددڕەوە ئیسلامییەکان لە ڕێگەی بەگەڕخستنی بیرۆکەی "ئێمە دژی ئەوان"، زیندانەکان بەکاردەهێنن لە ڕێگەی پشتبەستنیان لەسەر زۆربوونی پێویستییەکانیان بە ئینتیماو هەستکردن بەوەی کە ئەوان بوونەتە قوربانی.

لە بەرێنانیا، موسوڵمانە تازەکان کەمتر لە 4%ی موسوڵمانەکان پێکدەهێنن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە هەندێکجار موسوڵمانە تازە هاتووەکان دەنگی نەواوو هاوسەنگیان لە نێوان خێزانەکانیان و هاوڕێکانیاندا نییە، بەڵکو لەوانەیە لە بنەڕەتدا بناغەیەکی پنەوییان دەربارەی بنەماکانی ئیسلام نەبێت، کە ڕێگەیان پێدەداتە جیاوازی بکەن لە نێوان عەقیدەی ئیسلامی و فکری ئیسلامیدا، بەم پێیەش ئەوانە ئامرازەکانی دژایەتی کردنی ئەو گوتارەیان لەبەردەستدا نییە، کە جیهادییە تونددڕەوەکانی لەناو زیندانەکاندا بڵاوییان دەکەنەوە.

ڕاپۆرتی تونددڕەوی ئیسلامی لەناو زیندانەکان

گروپە ئیرۆریستییەکان بە گشتی نوێژی بژاردەو خوێندەوارەکان بۆ لای خۆیان کەمەندکێش دەکەن، بەڵام ئەم نوێژە نوێیە لە ئەندامانی ئامادەکراوی "داعش" لە ئامادەباشی تواودان بۆ تونددڕەوی لە پاڵ بەدەستهێنانی تواناو لێهاتوویی، کە لە ئەنجامی ڕابردووی تاوانکارییان بەدەستیان هێناوە. پرۆفیسۆر پینەر نیومان، بەڕێوەبەری سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ نوێژینەوەی تونددڕەوی و تونددوێژی سیاسی لە کۆلێژی (کینگز لەندەن)، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (ئیندیپێندێنت)ی بەرێنانی دەڵێت: "زۆرێک لە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکان بەردەوام باس لەوە دەکەن، کە ئیرۆریستەکان سەر بە چینی ناوەند یان چینی باڵان، بۆ نموونە ئوسامە بن لادن کوڕی پیاوێکی ملیۆنێر بوو، ئەنجامدەرانی پەلاماردەکانی 11ی سێپتەمبەر خوێندکار بوون، بەڵام من پێموانییە

ئەمە پێچەوانەی ئەو واقیعە بێت کە لەگەڵ داعش ڕووبەڕوی بووینەتەوە، پێویستیمان بە دووبارە بیرکردنەوەو پیاچوونەوەیە بە ستراتیژەکەماندا".

گۆڕان بۆ قۆناغی نوندرەوی ئیسلامی ئاساننرە لەوەی کە ئوندونیژی شێوازێکی ژیان بە کرداری وەربگرێت، چونکە ئەوەی ڕاستاندنێکی ئەخلاقی بە کردەوەکانیان دەبەخشێت. لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی (ئایمز)ی بەریتانی بڵاوکراوەتەوە، ئیان ئەکیسۆن، کە لێپرسراوێکی پێشووی زیندانەو لێکۆڵینەوەیەکی بە فەرمانی حکومەت سەبارەت بە پرسی ئوندرەوی ئیسلامی لەناو زیندانەکاندا ئامادە کردووە، نوسیویەتی: "گەنجان لەناو زیندانەکانماندا ڕووبەڕوی مەترسی پێدانی ئایدۆلۆژیایەکی شێواو

لە ساڵی 2002دا (5502) موسوڵمان لەناو زیندانەکانی بەریتانیا هەبوون، بەڵام لە ساڵی 2016دا ئەو ژمارەیە بۆ (12663) موسوڵمان زیادیکردووە و ژمارەیان بە 15٪ی کۆی ژمارەی زیندانییەکان مەزەندە دەکرێت و ڕێژەی 5.4٪ لە کۆی دانیشتوانی بەریتانیا پێکدەهێنن

دەبنەوە، کە وزەو ئواناکانیان بەلای ئوندرەویدا ڕادەکێشێت، لەوپەڕی قۆناغە باڵاکانیدا ڕێگەپێدانێکی دینیان پێ دەبەخشێت بۆ کوشتنی ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە (ناموسوڵمانەکان". بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، دەکرێت هەڕەشەی ئوندرەوی لە چەند ڕێگەیەکی زۆرەوە سەرهەڵبدات لەوانە: کولنوری دەمارگیری ئیسلامی و جیاکاری ڕێکخراو. زیندانیە ئوندرەوەکان کە خاوەنی کەسایەتی کاریزماییین خۆیان وەک "ئەمیرەکان" ئامادە دەکەن و کاریگەری ڕاستەوخۆو ئوندرەوانە لەسەر زیندانیە موسوڵمانەکانی ئر دروستدەکەن، جگە لە بەکارهێنانی ئەو کێبڕکێ و بابەتە فێرکارییانەی کە بانگەشە بۆ فکری ئوندرەوی دەکەن، کە لەناو کێبڕخانەکانی مزگەوتەکان یان لەلای خودی زیندانییەکان دەست دەکەوێت، هەروەها لە ڕێگەی ئرساندنی ئیمامە دینییەکان ناو زیندان و کەڵکوەرگرتن لە ئرسی ئەو کارمەندانەی، کە بە دەمارگیری نۆمەنبار دەکرێن.

ئەو ئەنجامانەی، کە ئەو ڕاپۆرتە ئایبەتە بە ئوندرەوی لەناو زیندانەکاندا پێی گەیشتووە حکومەتی بەریتانیای هاندا بۆ ئەوەی دەست بە جموجووڵەکانی بکات، بەو شێوەیەش چەند ڕێکارێکی نوێ گیرانەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشە هەڵکەوتووە. بۆ ئەو مەبەستە ئیمێکی ئایبەتمەندو پسپۆڕ لە (100) شارەزای بواری بەرەنگاربوونەوەی ئیرۆر پێکهێنرا بۆ دیراسەکردنی زیانیاریی هەواڵگرییەکان لە سەرتاسەری بەریتانیاو هەڵسەنگاندنی ئەو مەترسیەی، کە ئوندرەوی لە پشت شیشەکانی زیندانەوە دروستی کردووە، جگە لە ڕاهێنانی کارمەندەکان لەسەر بەرپەرچدانەوەی زیندانییەکان بۆ ئەوەی نەکەونە داوی ئوندرەوییەوە. چەندین ڕێکارو ڕێنمایی ئریش گیرانەبەر بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی زیندانەکان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هێنانە ناوەوەی ئەو کێبڕانەی، کە بانگەشە بۆ ئوندرەوی دەکەن و ڕێگرتن لە هەر کەسێکی ئوندرەو لەوانەی کە بانگەشە بۆ بیرو بۆچوونی مەترسیدار دژ بە بەریتانیا دەکەن تا پێشنوێژی بۆ زیندانییەکان نەکەن. دواین وردبینی و ئاراستەکان لە ڕووی مامەڵەکردنی حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ هەزاران لە ئیرۆریستانی گومانلێکراو لە دوای پەلاماردانە ئیرۆریستییەکانی ئەم دواییە لە وڵاتانی ئەوروپا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ژمارەی ئەوانەی بە ئەنجامدانی ئاوانی پەیوەست بە ئیرۆرو ئوندرەوی نۆمەنبارن پێشبینی دەکرێت ژمارەیان زیاتر بکات. بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی لەندەن قەبارەی خەرجییەکانی زیاتر کردووە لە پێناو ڕێگرتن لە ئوندرەوی ئیسلامی. هەرچەندە ئێکڕای بودجەی ئەرخانکراو بۆ بەڕێوەبردنی زیندانەکان بە ڕێژەی (900) ملیۆن جونەی ئیستەرلینی کەمی کردووە لە نێوان ساڵانی 2010 – 2015دا، ئەمەش بووە هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی ئەفسەرانی زیندانەکان بۆ 6000 ئەفسەر، پێشدەچێت ئەنجامەکان پێچەوانە ببنەوە.

سەرچاوە:

گۆڤاری (المجلە)

http://arb.majalla.com/2017/06/article55260088

IDEA
FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە